

پەیامی
بەڕێز
هیجری ...
٤



پەلەقاژەیەکی
دیکەی
ئێران ...
٥




کوردستان،
هەمیشە لە
پەراوێزدا
٨



وانەکانی
کۆماری
کوردستان،...
٩




سەهامی
عەداڵەت یا
بەرتیل...
١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـــانی ئـێـــران

## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی مەولوود

بە بۆنەی جێژنی مەولوود ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەتی محەممەد (ص)، پێغەمبەری موسوڵمانان، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو موسوڵمانانی جیهان بە تایبەت خوشك و برا کوردە موسوڵمانەکانمان لە سەرانسەری ئێران دەکەین.
بە هیوای ڕۆژانێکی پڕ لە خۆشی و ئارامی بۆ هەموو لایەك.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٤ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی

ژمارە ٥٩٨، یەکشەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ٣ی فێورییەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن
www.kurdistanmedia.com

# کۆماری کوردستان، دەسپێکێ بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازنە




کوردەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمگەلێکی جیاجیا، شەست و حەوتەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

بەپێی هەواڵی کوردستان میدیا، هەر بەم بۆنەیەوە، ڕۆژی دووشەممە، دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە حیزبەکان و گرووپە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییە فەرهەنگییەکان، لە هۆڵی «پێشەوا»ی شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە برد.

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕێوڕەسمەدا بە پێشکەش کردنی لێدوانێك ڕایگەیاند: «بەشداری کوردەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کۆماری کوردستاندا نیشانەی بەهێزبوون و بایەخی ئەم کۆمارە بووە».

بەڕێزیان لە درێژەدا وتیان: «دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان، دەسپێکێ بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازنە دێتە ئەژمار». بەڕێز هیجری لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم لێدوانە هێمای کرد بۆ ڕێککەوتننامەی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان لەو سەردەمەدا.

بەڕێز هیجری هەروەها وتی: «لە هەلومەرجێکدا کە لە مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان و دیتر شارەکانی کوردستانی ئێران بە هۆی سەرکوت و زەبر و زەنگی زۆر، دەرەتانی بەڕێوەبردنی ئازادانەی وەها ڕێوڕەسمێك بوونی نییە، بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە لە هەولێر، پێتەختی پارچەیەکی دیکە لە کوردستان، دەرخەری ئەوەیە کە کورد یەك نەتەوە و کوردستان یەك نیشتمانە.»

دەقی تەواوی لێدوانەکەی سکرتێری گشتیی و هەروەها ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە ڕێوڕەسمەکانی کۆماری کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و جیهان، لە لاپەڕەکانی دواتردا هاتووە.

### پەیڤ

ناهید حسێنی

## ئازادی لە چی و بۆ چ مەبەستێک

ئازادی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا مانای خۆی دەدۆزێتەوە کە بەزۆر بەسەرتاکدا دەسەپێت و لە بازنەی جەبر و ئیختیار تێدەپەڕێت و دەکەوێتە خانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە، واتە ئازادی تاك بەرانبەر بە کۆمەڵ و کۆمەڵگا و دەسەڵات و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو لایەنانە پێکەوە.

ئازادی تاك یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی هزری سیاسی دێموکراتیکە کە لە نیزامێکی یاسامەند دا، لە لایەن یاساوە داکۆکی لە ئازادییەکانی تاك بەرامبەر دەستێوەردانی سەرەڕۆیانەی دەسەڵات دەکرێت.

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیکی دەست لە هەموو پانتاییەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ وەردەدەن و لە ئەنجامدا فرە باوەڕی و فرە ڕەنگی لە کۆمەڵگادا دەکەوێتە ئاخڵەی پرسیارەوە. دەسەڵات کۆنترۆڵی کەرەستەکانی پەیوەندی و پەروەردە و گەشەی کولتووری بەدەستەوە دەگرێ و ناوەندە خۆڕسکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناهێڵێ و ناوەندی دەستکرد لە بەرژەوەندی ئیدئۆلۆژی زاڵی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێ.

ناوەندە مەدەنییەکان لاواز دەبن و لە ناو دەچن و دەسەڵات بۆ جێبەجێ کردنی یاسا نادێموکراتیك و سەرەڕۆیانەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر خولقاندنی دۆخی ترس و تۆقاندن و ئەوەش هەمان ڕێکارە کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێران بۆ کۆنتڕۆڵی خەڵك لەو وڵاتە پەیڕەوی دەکا.

لە درێژەی پێشێلکارییە بێ سنوورەکانی مافی مرۆڤ و ڕەوتی بەربڵاوی دەسبەسەرکردنەکان و ئێعدامەکان لە ئێراندا، ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی ڕێبەندان وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران ڕایگەیاند کە بە هۆی دۆزینەوەی رایەڵەیەکی گەورەی ڕاگەیاندن کە کار بۆ تێکدانی تەناهی نەتەوەیی لە ئێراندا دەکات شەپۆلێکی بەرین لە گرتن و دەسبەسەر کردن لەو وڵاتە بەڕێوەیە.

هەر لەو ڕۆژەشدا ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە ئێران لە بواری ئازادیی چاپەمەنییەوە لە نێوان ١٧٩ وڵاتدا پلەی ١٧٤ی هەیە و هەروەها سەرەڕای دەسبەسەر کردنی ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگ نووسان، تەنانەت فشاریان بۆ بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی ئێرانیش هێناوە. هەمان ڕێکخراو لە ڕاپۆرتی ساڵی پاری خۆیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە دەسبەسەرکردن و سووکایەتی کردن بە ڕۆژنامەنووسان بووە بە بەشێك لە کولتوری فەرمیی ڕێژیمی ئێران و ئەو ڕێژیمە لە ڕێگەی کۆسپ نانەوە بۆ ڕاگەیاندنەکانەوە دەژی.

هەر لەو پەیوەندییەشدا ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا وێڕای ئاماژە بە دەستبەسەرکردن و سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان و مافپەروەران، ڕەخنە لە ڕەوتی ئێعدامەکان لەو وڵاتە دەگرێت ـ ٥٠٠ ئێعدام لە ساڵی ٢٠١٢ دا. و باس لە بەرفراوانیی هەڵاواردنی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ئێراندا دەکات.

پێشێل کردنی ئازادییە سیاسییەکان بنەمای دەسەڵاتی خەڵك پێشێل دەکات. لێرەدایە کە ئازادی لە چی و بۆچ مەبەستێك وەڵامی خۆی دەدۆزێتەوە.

## هەواڵنێرانی بێ سنوور «سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان»یان لە ئێران مەحکووم کرد

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێ درێژەی «سیاسەتی سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران»یان مەحکووم کرد.

ئەم ڕێکخراوە لە ڕاگەیەندراوی هەینی، ١١ی ڕێبەنداندا هێمای بۆ کرد کە ڕادەی ڕۆژنامەنووسانی دەستبەسەر کراو لە ڕێکەوتی حەوتی ڕێبەندانەوە تا ئێستا بۆ ١٦ کەس زیادی کردووە.

ڕاگەیەندراوی نوێی هەواڵنێرانی بێ سنوور دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستبەسەر کرانی ڕەیحانە تەباتەبایی، عەلی دێهقان، فاتمە ساغەرچی، سولێمان موحەممەدی، میلاد فەدایی ئەسڵ، جەواد دلێری، نەسرین تەخیری، ساسان ئاقایی، پێژمان مووسەوی، ئیمیلی ئەمرایی، پووریا عالەمی، نەرگێس جوودەکی، ئەکبەر مونتەخێبی، سەبا ئازەرپەیك، کەیوان مێهرگان و حەسەن یاغچی بڵاو کرایەوە.

کریستۆف دلوار، سکرتێری یەکەمی هەواڵنێرانی بێ سنوور، لەمبارەیەوە وتی: « ٣٤ ساڵ پاش چوونی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئێران، بە پێچەوانەی وادەکانی ئەو لەمەڕ لەبەرچاوگرتنی ئازادییە سەرەکییەکانی خەڵك، ئەم وڵاتە ئەمڕۆکە بە ٤٢ ڕۆژنامەوان و ٢٠ شارۆمەندی وێبنووسی زیندانی کراو بووە بە یەکێ لە گەورەترین زیندانەکانی جیهان بۆ چالاکانی ڕاگەیاندن.

هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا هێمای کرد کە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، شەڕ بە دژی ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتی ئەهرێمن سازی لە ڕاگەیەنە نوێیەکان و بڵاوکراوە بیانییەکانی توندتر کردووەتەوە.

هەواڵنێرانی بێ سنوور دەستبەسەر کردنی ڕۆژنامەنووسان لەم ڕۆژانەی دواییدا بە «برووسکەیەکی روون بۆ ڕۆژنامەنووسانێ» دەزانێ کە بە گوتەی ئەم ڕێکخراوەیە، لە بەرامبەر پڕوپاگەندەکانی یەك لایەنەی ڕێژیمدا سەر دانانەوێنن.

## سووریە
## چاوەڕوانی کردەوەیەکی جیهانییە

نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەریی قەیرانی سووریە لەمەڕ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ ئەم وڵاتە زۆر ڕەشبینە.

ئێوارەی هەینی ١٣ی ڕێبەندان قەیرانی سووریە بابەتی باسێکی گەرم و گوڕ لە پانێلێکدا لە چوارچێوەی کونفڕانسی ئەمنیەتی مونیخ دا بوو.

ئەخزەر ئیبراهیمی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بانگهێشت کردبوو تا بە سەر ناکۆکییەکانیاندا زاڵ بن و بە ڕێککەوتنێ لەمەڕ سووریە بگەن. ناوبراو وتی: «ئێمە پێویستمان بە پرچەکردارێکی خێرای نێونەتەوەییە و ئەم پرچەکردارە دەبێ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە بچێ.»

موعاز ئەلخەتیب بەرپرسی هاوپەیمانی نەتەوەیی سووریە ڕۆژی شەممە لە کونفڕانسی ئەمنیەتیی موونیخ جەختی کردوە: «لە ئەگەری شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لەو وڵاتانەی کە پاڵپشتی لە دژبەران دکەن، داوا دەکەین تا سەنگەرەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم بوردمان بکەن.»

ناوبراو لە هەمان کاتدا جەختی کردەوە کە ئامادەیە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمدا بە مەرجێ کە دەسەڵاتی تەواویان هەبێ و دەستیان بە خوێنی کەس سوور نەبووبێ، بۆ ڕاگواستنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات وتووێژ بکات.

لە هەمان حاڵدا، کارناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە هێرشەکانی ئەم دواییانەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسراییل بە دژی ناوچەیەك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەمیشق کە دەوڵەتی بەشار ئەسەد لەو شوێنە وەك «ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی سەربازی» ناوی بردووە، دەتوانێ بواری بەکارهێنانی هێزە سەربازییە بیانییەکان لە سووریەدا و لە ئاکامدا خێرابوونی دەس لەکار کێشانەوەی ڕێژیمی ئەسەد دابین بکات.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی سێهەم

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ کۆتاییهاتنی پلینۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندان دەستی پێکرد و تێیدا کۆمەڵێك باس و بابەتی پێوەندیدار بە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران، ناوچە و جیهان وروژێندرا.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

بۆ ئاگاداری ڕادەگەیەنین کە سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژیردراوی کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کومیتەی ناوەندی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٧ی ژانویەی ٢٠١٣ی زایینی پێکهات و پاش ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پلینۆم بە ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی شەهیدان دەستی پێکرد و سەرەتا دەستووری کاری پلینۆم کە پێشتر بە ئاگاداری بەشدارانی پلینۆم گەیشتبوو خرانە بەرباس و پاش پەسەندکردنیان سکرتێری گشتی حیزب بەڕێز مستەفا هیجری لێکدانەوەیەکی سیاسی لەسەر ڕووداوەکانی نێوان پلینۆمی دووهەم و سێهەمی حیزب پێشکەش کرد.

ئەو لێکدانەوەیە زۆربەی مەسەلە و پێشهاتەکانی جیهانی، ناوچەیی، ئێران و کوردستانی بە گشتی لەو ماوەیەدا لە خۆ گرتبوو.

هەڵبژاردنەوەی دووبارەی ئوباما بە سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێوەندییە جیهانییەکانی و ڕادەی هاوهەڵوێستی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بە وردی ئاماژەیان پێکرا و شوێندانەری ئەو هەڵوێست و ئاڵوگۆڕانەی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە جیهانییەکان و ناوچەییەکان بە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شی کرانەوە.

تەوەرێکی دیکەی لێکدانەوەکە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیەی وەك درێژەی خەباتی خەڵکی سووریە، ئاڵۆزییەکانی میسر خرابوونە بەرباس و ئاکامی ئەو دۆخە لەسەر داهاتووی ناوچەکەی ڕوون کردەوە.

لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا لێکدانەوەکە ئاماژەی بە کێشەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوە کردبوو و بە سەرنجدان بە نیگەرانی جیهانی لەدەست پێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی کۆمەڵکوژ و بێ ئاکامبوونی دانیشتنەکانی ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لەو پێوەندییەدا، ملنەدانی ئەو ڕێژیمە بۆ لەنێو بردنی ئەو نیگەرانییە و ئاکامەکانی ئەو ڕەوتە بێسەرئەنجامەی بەڕوونی دەست نیشان کرابوون.

هەر لەو پێوەندییەدا لێکدانەوەکە ئاوڕی لەو گەمارۆیانە دابووە کە خراونەتەوە سەر کۆماری ئیسلامی و لە شوێندانەری ئەو گەمارۆیانە لەسەر ڕێژیم لە لایەك و لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك لە لایەکی دیکەوە دوا بۆوە و پێشبینی ئەوە کرابوو کە درێژەدانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی گەمارۆکان توندتر و بەرینتریش دەکاتەوە.

لێکدانەوەکە ئاوڕی لە دۆخی وڵاتانی ناوچە بەگشتی دابووە و لەو پێوەندییەدا هەنگاو نانی دەوڵەتی تورکیە و بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی P.K.K بۆ وتووێژ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکانی ئەو وڵاتە لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە بە کارێکی گرنگ لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی تورکیە و کوردەکان زانی بوو و ئاواتەخواز بوو کە ئەم ڕەوتە سەرەڕای کۆسپەکانی سەر ڕێگای بە ئامانجی کۆتایی بگا.

ئاڵۆزییەکانی عێراق و شوێندانەرییان لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی دیکە لە بابەتەکانی ئەو لێکدانەوەیە بوو، لەو پێوەندییەدا بەڕێز سکرتێری گشتی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ئاڵۆزییانە بەم زووانە کۆتایی پێ نایە، بە تایبەت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێی پلان و کار و تێکۆشانی بەردەوام خەرێکی قوولتر کردنەوەی کێشە و دوژمنایەتی نەتەوەیی و ئاینییەکان بە قازانجی خۆیەتی، بۆیە پێویستە کوردەکانی عێراق یەکگرتوو و وشیارانە هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی لە ئاکامە نەخوازراوەکانی ئەم وەزعە بە دوور بن.

لە درێژەی ئەو لێکدانەوەیەدا دۆخی سووریە و درێژەی ئەو شەڕەی کە نزیك بە دوو ساڵە لە نێوان حکوومەتی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە و خەڵکی نارازی پێکهاتووە خرا بووە بەرباس. لەو پێوەندییەدا ئاماژە کرا بوو کە هەرچەند حکوومەتی بشار ئەسەد بە هۆی یارمەتی بێدریغی هاوپەیمانانی بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دیکەش شەڕ و کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و ژن و منداڵی سووریە بکوژێ و وڵاتەکە زیاتر وێران بکا، بەڵام ئەم ماوەیە درێژخایەن نابێ و هێرشی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی سووریە ئەو حکوومەتە دەڕووخێنن و بەشار ئەسەد و دارودەستەکەی هەر ئەو چارەنووسەیان تووش دەبێ کە لە ماوەی ٢ بۆ ٣ ساڵی ڕابردوودا بەشێك لە دیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچە تووشی بوون.

سەبارەت بە دۆخی خوشك و برا کوردەکانی ئەو وڵاتە بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە وەزعی دەیان هەزار بنەماڵە کە لە سەرمای زستاندا ناچار بە جێهێشتنی ماڵ و شوێنی نیشتەجێی خۆیان بوون و لە هەلومەرجێکی نالەباردا ژیان بەسەر دەبەن، لەو باوەڕەدا بوو کوردەکانی ئەم وڵاتە دوای نەمانی ئەم حکوومەتە بێگومان دەسکەوتی سیاسیی باشیان دەبێ. بێگومان ڕادە و ئاستی ئەو دەسکەتانەش بەستراوەتەوە بە ڕادەی یەکگرتوویی هێزە سیاسیی و توێژە جیاجیاکانی کورد لەو وڵاتە و بەرنامە و پلانی هاوبەش و یەکگرتوویان لە ئێستا و دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەدە.

مەسەلەی ئێران و ئاخر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتە بەشێکی گرینگی ڕاپۆرت و لێکدانەوەکە بوو، لەو بەشەدا بە ئاماژەکردن بە قووڵتربوونەوەی گرفتە ئابووری و سیاسییەکانی ئێران بەو ئاکامە گەیشتبوو کە درێژەی سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە نەك هەر ناتوانێ گرفتەکان کەم بکاتەوە، بەڵکوو هەموو نیشانەکان دەرخەرێ ئەو ڕاستییەن کە وەزعی ڕێژیم لە هەموو بارێکەوە و بە تایبەت دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵك شپرزەتر دەبێ کە ئاکامەکەی دەبێتە تووڕەیی و بێزاری زیاتری خەڵکی ئێران لە ڕێژیم و بێ هیوایی هێز و لایەنە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕینی ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێژیم، هەر بۆیە ڕێژیم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە هێزی تووڕەی خەڵك و سیاسەتی نێونەتەوەیی ترسی لێ دەنیشێ و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵك توندوتیژی، سەرکوت و تەنانەت ژمارەی ئیعدامەکان زیاتر دەکا، لایەنێکی دیکەی هۆیەکانی ئەو توندوتیژییە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنی شانۆیەکی دیکەی بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دەوری یازدەهەم کە قەرارە ڕێژیم لە مانگی جۆزەردانی ساڵی داهاتوودا پێکی بێنێ.

بڕیار بەدەستانی حکوومەت چوونکە بۆ خۆیان باش دەزانن کە ئەو شانۆگەرییەش وەك شانۆگەرییەکەی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی لەوانەیە نارەزایەتی و بەربەرەکانی خەڵکی لێ بکەوێتەوە، هەر لە ئێستاوە دەیانەوێ خەڵك چاوترسێن بکەن بۆ ئەوەی بەر بە دووبارەبوونەوەی سەرهەڵدانێکی لەو چەشنە بگرن. هەر لەو پێوەندییەدا بەڕێوەبەرانی نیزامی و ئینتزامی، کەسایەتییە ئاینییەکانی بەکرێگیراوی ڕێژیم و تەنانەت خامنەیی ڕێبەر بە ئاشکرا خەریکی پلاندانان و هەڕەشەکردن لە خەڵکن. لەو پێوەندییەدا ئەمنییەتی کردنی زیاتری کوردستانی ئێران و زەختی زیاتر بۆ سەر ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرانی سیاسی ئەو بەشە و باقی نەتەوەکانی ئێران بەتایبەت عەرەبەکان، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا شاهیدی بووین، ئاکامی ئەو سیاسەتەیە.

لە بەرگەیەکی دیکەی ڕاپۆرتی سکرتێری حیزب تیشك خرابووە سەر کار و تێکۆشانی حیزب لە ماوەی نێوان پلینومی پێشوو هەتا پلینۆمی سێهەم، تێکۆشانی پێوەندییەکانی حیزب لەو ماوەیەدا بە تایبەت گرنگی ئیمزاکردنی قەراردادی پاراستنی مافی منداڵان و ژنان لە کاتی ڕوودانی شەڕ لەگەڵ ژنێڤکاڵ (بانگەشەی ژنۆ) و بەشداری نوێنەری پێوەندییەکانی حیزب لە کۆبوونەوەی دوحە کە ناوەندی توێژینەوەی الجزیرە سەبارەت بە مەسەلەی کورد پێکی هێنا بوو، هەروەها درێژەدانی سیاسەتی دیالۆگ و لێك نزیکبوونەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بە تایبەت سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێری حیزب و بەدوای ویدا سەردانی هەیئەتی پایەبەرزی ئەو هاوڕێیانە لە دەفتەری سیاسی حیزب، بۆ هاوڕێیانی بەشدار شی کرایەوە و جارێکی دیکە پێداگری کرا لە سەر درێژەدانی سیاسەتی لێك نزیکبوونەوە و هاوکاری کردن لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد.

بەشی کۆتایی کاری پلێنیوم تەرخان کرابوو بۆ خستنەبەرباسی ئاکامی کاری ئەو هەیئەتانەی کە لە کۆبوونەوەی پێشوو کۆمیتەی ناوەندی لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەرك و ئاڵۆگۆڕەکانی کە لە کۆنگرەی پازدەدا بڕیاریان لەسەر درا بوو و ئامادەکردنی ئاییننامە نوێیەکان یان پێداچوونەوە بە بەرنامەی کار و ئاییننامەکان، مەئمووریەتیان پێ سپێردرابوو.

کومیتەی ناوەندی دوای باسی ورد و پێداچوونەوە بە کاری ئامادەکراوی هەیئەتەکان و کاری تێکۆشانی سێ مانگی ڕابردوو و تێبینی و ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ بەرنامەی کاری داهاتوو هەتا کۆبوونەوەی داهاتوو دەست نیشان کرد.

دوایین بڕگەی کاری پلینۆم تەرخان کرا بوو بۆ چەند تێبینی بە سەرنجدان بە سەرجەم لێکدانەوە و نەزەر دەربڕینەکان و هەروەها بۆ وریای زیاتر و بەرەوپێشچوونی پتری کارەکان لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە هاتنەگۆڕ و پاش باس و لێدوان لەسەر هەرکام لە مەسەلەکان بە پەسندی پلینۆم گەیشتن.

پلینۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥هەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ئەنجامدانی هەموو ئەو بابەتانەی کە لە دەستوری کاری پلینۆمدا هاتبوون سەعات ١١:٣٠ سێشەممە شەو کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١١ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی
٣٠ی ژانویەی ٢٠١٣ی زایینی

## حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری هەولێر بەڕێوە برد

ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداری ژمارەیەك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتییە فەرهەنگییەکان، لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و دواتر بەڕێز کاك مستەفا هیجری پەیامی خوی پێشکەش بە بەشدارن کرد.

بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوون لە: فیلمێکی دێکۆمێنتی لەسەر کۆماری کوردستان ،پەیامی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وپاشان بە چەند تابلۆی گۆرانی لە لایەن کۆڕی هونەری حیزبەوە ڕێورسمەکە کوتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە شاری کەلار بەڕێوە چوو

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندان، ڕێوڕەسمی ٦٧ەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی بەڕێز «محەممەد نەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، نوێنەری پارت و لایەنە سیاسییەکان، بەرپرسانی ئیداری و حکوومیی هەرێمی کوردستان، کەسایەتی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی گەرمیان، بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، وێڕای پیرۆزبایی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەسەر بارودۆخی سیاسیی دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و وتی: کۆماری کوردستان لە سەردەمێکدا دامەزرا کە شەڕی دووهەمی جیهانی بوو و ئێران لایەنگریی لە بەرەی ئاڵمانی نازی دەکرد، ئێران لەو سەردەمەدا لەژێر حاکمییەتی ڕەزاشادا ببوو بە ناوەندی جووڵە سیخوڕییەکانی موستەشارە ئاڵمانییەکان.

بەڕێز قادری سەبارەت بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان وتی: شوناسی نەتەوەیی، ئاڵا، سروودی نیشتمانیی «ئەی ڕەقیب»، دامەزراندنی سپای میللی و ناوی پێشمەرگە، بە فەرمی و ئیدارەیی کردنی زمانی کوردی، بووژاندنەوەی «زمان، فەرهەنگ، ڕۆژنامەکان، گۆڤار و شانۆ» و ڕادیۆ و چاپخانە و پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە دەسکەوتە هەرە گرینگەکانی کۆماری کوردستان بوون.

دواتر هەڵبەستێك لەژێر ناوی «گەلی کورد و گەلی نەوت» لەلایەن «حەسەن سایە» کەسایەتیی بە ناوبانگی ناوچەی گەرمیان خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا نوێنەری لایەنە سیاسییەکان پەیامی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

لە نێو ئاخنی ئەم ڕێورەسمەدا چەندین سروودی حەماسی و نەتەوەیی لەلایەن کۆڕی هونەریی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

## جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو

ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان بە بەشداریی نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کوردانی دانیشتووی ئالبوورگ و دەوروبەری، بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، دەستی پێکرد.

پاشان ڕیزبەندی ڕێوڕەسمەکە لەلایەن سەحەر حیسامی و عەبدوڵڵا مەحموودیان، پێشکەش بەشداران کرا.

دواتر پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکرات لە دانمارك لەلایەن «عەلی خانی»یەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی کومیتەی هاوکاریی هێزە کورد و کوردستانییەکان لقی ئالبوورگ لەلایەن «محەممەد سولێمانی»یەوە خوێندرایەوە.

## کومیتەی حیزبی دێموکرات لە بریتانیا ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی بەڕێوە برد

لە لەندەن ، بە بۆنەی ٦٧ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێك لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتا پەیامی کومیتەی حیزب لە بریتانیا لەلایەن «هەمزە بایزیدی»ـەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەك پەیامی پیرۆزبایی و بابەت لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانداندا خوێندرایەوە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ڕێوڕەسمی جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان ١٣٩١ی هەتاوی بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز دوکتور مێرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتارێکی بە بۆنەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز دوکتور مێرۆ عەلیار لە قسەکانیدا وتی: «دوو فاکتۆری یاریدەدەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا سەرەڕای ویستی گەلی کورد لەمەڕ دامەزرانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە، دەتوانین ئاماژە بە لاوازیی حکوومەتی ناوەندی و هەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا بکەین.

دوژمنی کورد هەوڵەکانی خۆی بۆ بەلاڕێدا بردن و چەواشەکردنی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە داوە، هەتا بەو چەشنە بە خەیاڵی خۆی خەباتی گەلەکەمان لاواز بکات.

ئێمە پێویستە گەشەی بیری نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان وەکوو ئامانجی کورد کە هەموو کات و ساتێکدا چاو لێ بکەین بە گوڕ و تینەوە بۆ وەدیهاتنی خەبات بکەین.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، وەکوو دوو نەتەوەی هاوپەیمان، هاوکاری و هاوپێوەندییان هەبوو و ئێمەش لە داهاتوودا لەو ئەزموونە کەڵك وەربگرین».

لە بڕگەکانی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران و شیعر و پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی لایەن و پارتە کوردییەکانی خوێندرایەوە .هەروەها ڕێوڕەسمەکە بە گورانی کۆڕی هونەری حیزب ڕازایەوە.

## لە ئەمریکا جێژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی واشینگتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێوڕەسمێکی بۆ ئەندامانی حیزب و کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە پێك هێنا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بو ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

سەرەتا پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا لەلایەن «بەڕێز نایب» بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە پێشکەش کرا. نێوەرۆکی پەیامەکەی کومیتەی حیزب لە ئەمریکا ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی کۆماری کوردستان و باسێکی کورتی قۆناغی ئەمڕۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە ئامریکا خوێندرانەوە.

## لە ئوتریش ڕێز لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گیرا

لە شاری ڤییەن پایتەختی وڵاتی ئوتریش ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لەلایەن ناوەندی ڕەوندی کوردی و بەسەرپەرستی کومیتەی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمی ٦٧ەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستان بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پێشەوا و شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر لەلایەن بەڕێزانەوە سۆما مورادی و حوسێن خاڵخاڵ بە زمانەکانی کوردی و ئاڵمانی بەخێرهاتنی میوانەکان کرا و ئەو یادەیان لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسیی و کەم ئەندامان و گەلی کورد و بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە پیرۆز کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ڕەوەندی کوردی لە لایەن کاك کیومەرس شاسەوارییەوە خوێندرایەوە.

## کومیتەی حیزبی دێموکرات جێژنی ٢ی ڕێبەندانی لە وڵاتی سوئێد بەڕێوە برد

جێژنی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی نوێنەرانی لایەنە سیاسییە کوردستانی، ئێران و سوئێدییەکان لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد، لەلایەن «مستەفا زارعی» بەرپرسی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان و حیزبە سوئێدییەکان لەلایەن «سەعدەدین مەولا»وە خوێندرایەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانیی هونەرمەندان «شوان پەروەر» و «بەختیار ساڵح» و شایی و گۆڤەندی بەشداران کۆتایی پێهات.

## جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، بەبۆنەی جێژنی ٢ی ڕێبەندان ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی وتاری خۆی بەبۆنەی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

شەرەفی لە وتارەکەیدا وتی: کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی لە بەشداری پێکردنی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبوو و کوردانی پارچەکانی دیکە و بەتایبەت بارزانییەکان وەکوو هاووڵاتیی کۆماری کوردستان لەو هەرێمەدا دەژیان و هەروەها ئەو کۆمارە توانی زمانی کوردی لە تێکڕای ناوەندەکانی خوێندن و ئیدارەکاندا برەو پێ بدات و جێگیریشی بکات.

بەڕێزیان لە درێژەدا وتی: ٦٧ ساڵ لەوە پێش کورد بە کردەوە هەنگاوی بۆ دامەزرانی دەوڵەتێك هەڵگرت و لەو دەوڵەتەدا هەوڵی جێگیرکردنی پرسێك درا کە ئێستا وڵاتانی جیهان خەباتی بۆ دەکەن کە ئەویش ئازادیی ڕادەربڕین بوو. بەستێن، بۆشایی، ویستی خەڵك و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هۆکارە گرینگ و سەرەکییەکانی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەسەر کۆماری کوردستان نمایش کرا.

پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی لەلایەن پارت و لایەنە سیاسییەکانەوە بەم ڕێوڕەسمە گەیشتبوون کە ناوەکانیان لە ڕۆژنامەی کوردستان پارێزراوە.

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شار و ناوچەکانی کوردستان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بونەی ٦٧ەمین ساڵوەگەڕی ٢ی ڕێبەندان بە بڵاوکردنەوەی تراکت، سی دی و نوسینی درووشم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی شیرینی لە ئاستیکی بەریندا لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە بردووە، بەڵام بە هۆی زۆربوونی شوێنەکان تەنیا ئاماژ بەناوی شار و ئەو ناوچانە دەکەین کە چالاکی تەبلیغیان تێدا بەڕێوە چووە. کە بریتین لە شار و ناوچەکانی:

ورمێ، دۆڵی قاسملوو، شنۆ، نەغەدە، شاماتی مەهاباد، بۆکان، ناوچەکانی ئاڵەشین، چۆمی مەجیدخانی بۆکان، سەقز، سنە، ژاوەرۆی سنە، مەریوان، شارەدێی شمشێر، هەوشار، دیواندەرە و تەورێز.

## پێشمەرگەیەکی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ناوچەی هەوشار کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات بەناوی «یەحیا جیدی» و برای دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەهۆیی نەخۆشیی شێرپەنجە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

یەحیا جیدی ساڵی ١٣٥٨ هەتا ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی هەوشاردا چالاکانە بەشداریی کردووە.

دوو برای یەحیا بەناوەکانی خالید و فەرەج، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك یەحیا دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەی بانە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٨ی بەفرانبار «ڕەحمان بەگی ئیختیاردینی» خەڵکی ئاوایی «یاکوباوای» ناوچەی حەوتەوانان لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاك ڕەحمان باوکی شەهید «کەریم ئیختیاردینی»یە کە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابادا سازماندهی کرا و لە ساڵی ١٣٦٣ لە تێکهەڵچوون لەگەڵ پەلاماردەرانی کوردستاندا لە پشت ئاوایی «وشکە دەرێ»ی بانە شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاك ڕەحمان، خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، حاجی حوسێن سەرگوڵی خەڵکی گوندی «کۆسەکەرێز»ی سەربە ناوچەی مەهاباد و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەو تێکۆشەرە لە تەمەنی لاویدا هۆگری خەباتی نەتەوەیی بۆ چارەنووسی گەلەکەی بوو و بەم هۆیەوە پێوەندیی بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و لە ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧ پێوەندییەکی نزیکی بە شۆڕشی ئەو کاتەوە هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ شەهیدان سلێمان موعینی و مەلا مەحموود زەنگەنە، ڕاستەوخۆ لە پێوەندیدا بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەسوکاری حاجی حوسێن دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناو لە ناوچەی ژاوەرۆ کۆچی دوایی کرد

«محەممەد سەلیم مینبەری» کەسایەتی خۆشناو و لایەنگر و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی نزاز سەر بە ناوچەی ژاوەرۆ بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد

برازا و خۆشکەزایەکی کاك محەممەد سەلیم بە ناوەکانی «نەجمە مینبەری» و «فەرەج مینبەری» لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا شەهید بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری کاك محەممەد سەلیم دەکات.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی نەغەدە کۆچی دوایی کرد

ئەبووبەکر عەبدوڵڵاپوور خەڵکی ئاوایی «حەلبێ»ی سەر بە شاری نەغەدە و برای شەهیدێکی حیزبی دێموکرات بوو.

کاك ئەبووبەکر ساڵی ١٣٦٨ بە تاوانی هاوکاریی حیزبی دێموکرات لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر و ئازار و ئەشکەنجە درابوو.

ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات برای شەهید عەزیز عەبدوڵڵاپوور بوو، کە لە ساڵی ١٣٦٢ شەهید کرا.

تەرمی کاك ئەبووبەکر لە نێو ئاپۆڕای خەڵك، لە گۆڕستانی ئاوایی حەلبێ بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی عەبدوڵڵاپوور دەکات.

## هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شنۆ کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، «خاتوو زەینەب» ناسراو بە «زەینەبی خانکە» و هاوسەری شەهید «خانەمیر ئەمر گورجی» بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد..

دایە زەینەب ژنێکی شۆڕشگێڕ و بە بیر و باوەڕ بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی مێردەکەی وەفادار مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری خاتوو زەینەب دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، دایە «ئامینە عەباسی» دایکی شەهید «عەلی عەبسی» لە ئاوایی «قاڵوی شێخان» سەربە شارستانی مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەسوکاری دایە ئەمینە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك دەزانی.

## کۆچی دوایی خێزانی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە ناوچەی هەورامان

زلێخا موتڵەق، خێزانی شەهاب موتڵەق شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هوی نەخوشی لە ناوچەی هەورامان کۆچی دوایی کرد.

دایە زلێخا لە دایکبووی ئاوایی بێتواتەی شارۆچکەی ڕانیە لە هەرێمی کوردستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خەڵکی ناوچەی هەورامان بەگشتی دەکا و خۆی بە شەریکی خەمی بنەماڵەی زلێخا موتڵەق دەزانێ.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان
# ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



ئامادەبوانی بەڕێز!

خوشك و برایانی خۆشەویست!

وەك هەموو لایەك ئاگادارن ٦٧ ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتێك کە هەلومەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەیی خولقاندبووی لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستانی بە سەرۆکایەتیی پێشەوای هەمیشە زیندوو، قازی محەممەد ڕاگەیاند، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە ٢٥ی گەلاوێژی هەمان ساڵ یانی چەند مانگ پێش ڕاگەیاندنی کۆمار حیزبی دێموکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا پێکهاتبوو. بێگومان پێکهاتنی حیزبی دێموکرات بۆ خۆی دەوری تایبەتی لە دامەزراندنی کۆماردا هەبوو.

کۆمار کەمتر لە ساڵێکی خایاند، بەڵام لەو ماوە کورتەدا سیاسەت و بەرنامە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمار بوون بە جێی هیوای کورد لە هەموو بەشەکاندا و لە ڕاستیدا هەموو لایەك ئامادەی بەشداری و خزمەتکردن لە کۆماردا بوون، بەشداریی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا کە فەرماندەی هێزەکانی کۆمار بوو، هەروەها سەردانی ژمارەیەك لە کوردەکانی کوردستانی تورکیە بۆ کۆمار ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، هەر بۆیەش دەبینین دوای ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و باقی ڕێبەرانی کۆمار، لە تەواوی ماوەی ٦٧ ساڵی ڕابردوودا لە هەر جێگا و کاتێکدا دەرفەتێك خولقا بێ گەلی کورد بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ پیرۆزکردنی ئەو یادە پێکهێناوە و سەرکوت و زەبر و زەنگی دیکتاتۆرەکان ئەو یاد و نوستالژیایەی بەهێز کردووە. شوێندانەریی کۆمار نەك هەر لەسەر تاکی کورد، بەڵکوو لەسەر بیگانەکانیش کە شارەزای مێژووی کۆمار و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەن بەرچاو بووە و مەزاری پێشەواش بووەتە زیارەتگای ئەویندارانی کۆمار و پێشەوا لە دوور و نێزیکەوە، لەو پێوەندییەدا ئیشارە بە دوو فاکت دەکەم:

ـ ڕۆزولت سەبارەت بە شوێندانەربوونی کۆمار دەنوسێ: «پەیدابوون و گۆڕانی کۆماری بچووکی مەهاباد و مێژووی کورت و تۆفانییەکەی و لە نێوچوونی لە ناکاوی، یەکێك لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە».

ـ ویلیام دوگلاس دەڵێ پیاو «حەق بڵێ گۆڕی قازی محەممەد زیارتگەیە کە هەموو حەوتوویەك سەدان کورد ڕووی تێدەکەن»، ئەو دەگێڕێتەوە: لاوێکی کورد بە خۆی و ژنەکەیەوە بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتن کە دار و درەخت سێبەریان لێ کردبوو، پیاوەکە سواری گوێدرێژێك بوو، ژنەکەش بە سەر و ڕووخۆشی لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشت، سڵاومان لە یەکتر کرد و لێم پرسی:

خەڵکی کوێی؟ وڵامی دامەوە خەڵکی جێگایەکی دوورم لە شیمال نزیك خۆی

لێرە چ دەکەن؟

وڵامی دامەوە: «ئێمە کوردین، دەچینە زیارەت بۆ سەر گلکۆی قازی محەممەد». دوگلاس لە درێژەدا دەنووسێ: لە دەنگیدا، ڕق و ئامادەیی بۆ بەربەرەکانی دەر دەکەوت. هەروەها لە چاوەکان و خەنجەرەکەی بەرپشتێنیدا دیار بوو، کە هەر کەس ڕێگای ئەو سەفەرەی پێبگرێ بە گژیدا دەچێتەوە.

بەڕێزان!

ڕووداوە مێژوویی و چارەنووس سازەکان لە بیرەوەریی تاکەکانی هەر نەتەوەیەکدا دەبنە سەرچاوە و وزەی شوناسبەخش بۆ ژیانی سەربەخۆیی ئەو نەتەوە و لە لایەکی دیکەوە دروستبوونی هەستی شانازی و سەربەرزی لە نێوان تاکەکان بەهۆی پەیوەستبوونیانەوە بەو نەتەوە تایبەتە و ٢ی ڕێبەندان و دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش بووەتە ئەو سەرچاوە ناسنامەبەخشە بۆ مرۆڤی کورد (نەك لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە پارچەکانی تری کوردستانیش)، ٢ی ڕێبەندان تەنیا ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو، ئەوەی ئەم ڕۆژ و ئەو ڕووداوە، لە بۆنە نەتەوەییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و گرینگی و بایەخی تایبەتی پێ دەبەخشێت، خۆی لە کۆمەڵێك کاریگەری و شوێندانەری لە دامەزراندنی ئەم کۆمارە و لە هزر و بیرەوەریی هاوبەشی تاکەکانی نەتەوەی کورددا دەبینێتەوە، کە هەتا ئەمڕۆش بوون و حوزووری خۆیان بە شێواز و فۆرمی جۆرواجۆر لە مانای کردەوە سیاسییەکانی تاك و حیزب و لایەنە کوردییەکاندا دەردەخا. تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی، یان تیۆریك و دوور لە هەست و سۆزی کوردانەش ئاوڕێك لە ٢ی ڕێبەندان بدەینەوە، دیسانەوە ئەم گرینگییەمان بۆ دەردەکەوێت.

بۆ نموونە کاتێك کە ئاوڕێك لە ماناکانی نەتەوە بوونی، «نەتەوەی فەڕانسی» دەدەینەوە، کۆمار یان «جمهوری و جمهوریەت» دەبێتە کۆڵەکەی یەکگرتوویی و بیرەوەرییە مۆدێڕن و هاوبەشەکانیان، هەر وایە ڕۆڵی پاشایەتی لە بریتانیا و شانازییەکانی بۆ «نەتەوەی بریتانی».

کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار لە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ، لە هەست بە ژێردەستەیی و مرۆڤی پلە دووهەم بوون لە لای تاکی کوردەوە دەبێتە هەوێنێك بۆ دووبارە زیندووبوونەوەی یەکێك لە بنەماکانی بونیات نانی کەسایەتیی تاك و نەتەوەی کورد بە دروستبوونی قەوارەیەکی بەڕێوە بردن و حوکمڕانی مۆدێڕن کە لە چوارچێوەی سیاسەت بە مانا مۆدیڕنەکەیدا لە کۆماری کوردستان بەرجەستە دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە کورد بەتایبەت لەم بەشەی کوردستاندا، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی مۆدێڕن و یان هاوچەرخدا، جەوهەری هەوڵ و داواکارییەکانی «سیاسی»، نەك ئابووری، کولتووری یان لە هەموویان گرینگتر «ئایینی»، نابێتە بەشێك لە ململانێی ئایینی و مەزهەبی، بەڵکوو «نەتەوە و دەسەڵاتی نەتەوە» لە ڕێگەی ئامرازە مۆدێڕنەکانەوە کە «حکوومەت و دەسەڵاتداریەتییە» لە کۆماردا فۆرم دەگرێت. خاڵێکیتر ئەوەیە کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەی کە زۆر لە پێش کۆمارەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا فیداکاری بۆ کراوە لە ئەرزی واقیعدا لە ڕێگەی کۆمەڵێك دام و دەزگا و دامەزراوەوە، فۆرمێکی عەینی (واقعی) وەردەگرێت و لێرەوە هەر دوو ڕەهەندی subjective (زەینی) و objective (عەینی) پێکەوە گرێ دەدرێن و لە کۆماری کوردستاندا نموود پەیدا دەکەن. تاکی کورد دەبێتە خاوەن شوناسێکی فەرمی نەتەوەیی و «کۆمار» دەبێتە سەرچاوەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم شوناسە.

یەکێك لە بەرهەمە گرینگەکانی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی تاکوو ئێستاش، «مرۆڤی کورد» دەرك بەو ڕاستییە بکات کە تەنیا لە ڕێگەی بە دەستەوەگرتنی «چارەنووسی خۆی» و پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی و حوکمڕانییەکی مۆدێڕنەوە، دەتوانێت مافە تاك و کۆیە نەتەوەییەکانی بپارێزێت و مومارسەی ئەو مانایانە بکات، بۆیەش کۆمار بۆتە سەرچاوەیەکی «مانایی» بۆ شوناسپێدان «بە» کرداری سیاسیی کورد بۆ دروستبوونی دەسەڵاتداریەتی و حوکمڕانی خۆی و دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی و بە هاونیشتمانیی پلە ٢ بە ئەژمار هاتن. بەم چەشنە ئیرادەی تاکی کورد لە ڕێگەی دامەزراوەی نەتەوەیی (کۆمار) دەبێتە بنەمای «ئازادی» و ئەم ئازادییەش دەبێتە سەرچاوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی مرۆڤی کورد، لێرەدا ئازادی و ناسیۆنالیزم پێکەوە گرێ دەدرێت و دەبێتە بەشێك لە هۆوییەت یان شوناسی مرۆڤی کورد.

خاڵێکیتری گرینگ ئەوەیە کە نوخبەکانی کورد هەست بەوە دەکەن کە دەبێت لە هەموو بوار و ئاستەکانەوە، بەرەو «مۆدێڕن بوون» هەنگاو بنێن. بۆیە دەبینین کە کۆمار لە ڕێگەی بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە و عەقلانییەت کە «حیزب» لە لایەك و بەڕێوەبردن و «بیرۆکراسی» و لە لایەکیترەوە هەوڵی دەست پێکردن بە پرۆسەی «مۆدێرنیزاسیۆن» (بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە و بەپێی توانا و ئیمکانیاتی) دەدات، لە بوارەکانی سیاسییەوە هەوڵی: دروستکردنی ئیدارە و بیرۆکراسی و ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبردن و کاری حیزبی، ڕێکخراوەی و ... دەدات، ئەوەی کە لەو کۆمارەدا سەرکۆمار کەسایەتی یەکەمی حیزبی دێموکراتە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمار دەبێتە هۆکاری ڕەخساندنی دەرفەتێك (کە هەرچەند سەرەتاییش بێ) بۆ دووبارە بونیات نانەوەی کۆمەڵگای نوێی کوردستان بە گۆڕینی پێکهاتەی عەشایری و خێڵەکییەکەی و دارشتنەوەی لەسەر بنەمای «هاووڵاتی بوون» کە یەکێك لە حەیاتیترین و گرینگترین بەرهەمەکانی کۆمارە کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. لێرەوەیە کە چەمکی «هاووڵاتی بوون» لە جیهانی مۆدێڕندا بۆ تاکی کورد بە هۆی پەیوەست بوون بە «نەتەوە» لە دایك دەبێت، بەبێ گوێ دان بە ڕەگەز، چین، تایفە، شوێن، ئاستی دارایی، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ڕەگەزێکی شوێندانەرە لە «پرۆژەی ناسیۆنالیزم» و بەرجەستەبوونی لە «دەوڵەت ـ نەتەوە»دا، کە بە فۆرمێکیتر لە «کۆماری کوردستان»دا بەرە و بەرجەستەبوون دەچێ و کاریگەریی قووڵی لەسەر سایکۆلۆژیی تاکی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جێی دێڵێت، بە جۆرێك کە ئێمە ئاسەوارەکانی دەتوانین ئەمڕۆش لەسەر تاکی کوردی ئەو بەشە ببینین.

لە ڕووی کولتوورییەوە کۆمار بە پەروەردەی نوێ و سەردەمیانە دەرفەتی مۆدێڕنیزاسیۆنی فەرهەنگی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕەخساند، ئێمە ئەوە لە چاپی کتێبی کوردی، ڕاکێشانی منداڵان بۆ خوێندن، هەوڵدان بۆ ریشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بەشداریکردنی چالاکانەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بە ڕوونی دەبینن.

بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی یەکێك لە بەرهەمە گرینگەکانی دیکە کۆمارە، کە دەبێتە واتاداربوونی ئەم پرۆژە نەتەوەییە و کۆڵەکەی سەرەکی گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد لەو پارچەیەدا کە، بەپێی هەموو تیۆری و ڕوانگە زانستییەکان، لەمەو بەدوا لەژێر شوێندانەری ئەو واتایەوە ڕەفتاری تاکەکان یان بابەتەکان «مانا» پەیدا دەکەن و «شۆناسێك»ی کوردی وەردەگرن، کە ئەوە لە جەوهەری خۆیدا هەنگاوێکی جیدییە بۆ بونیات نانی نەتەوە (بە مانا مۆدێڕنەکەی).

خاڵێکی دیکەی کۆماری کوردستان، درووستبوونی ئەو شوناسە مۆدێڕنە کوردی، یان (کوردستانییە) کە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی ڕەخساو سنووری (ئەویتر)ی دیاری کرد و خۆی پێ پێناسە کرد، واتە (خود) و (ئەویتر) و پێناسەیەك کە لەسەر بنەمای پێکەوە

**لە ڕووی کولتوورییەوە کۆمار بە پەروەردەی نوێ و سەردەمیانە دەرفەتی مۆدێڕنیزاسیۆنی فەرهەنگی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕەخساند**

ژیان بە تایبەت لەگەڵ نەتەوەی (تورکی ئازەربایجانی) پێکهات.

بەگشتی هێماکانی گوتاری یەکگرتووی نەتەوە لە کۆماردا لە زمانی فەرمی، ئاڵا و سروودی نەتەوەیی، هێزی پێشمەرگە و دێموکراسیخوازیدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها کۆمار هەوڵ دەدات کە کۆمەڵگەی کوردی لە (جماعت community) بگوازێتەوە بۆ (جامعە/ کۆمەڵ society) لە ڕێگەی بیرۆکراسی و ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن کە بە حیزب بوونە، لێرەوە دەوری حیزبی سیاسی بەرجەستە دەبێت و بەپێی تیۆرییەکانی گوتار (دیسکۆرس) سازییەوە، مەفسەل بەندی «گۆتاری نەتەوەیی» کامڵ دەبێت و کۆماری کوردستان دەتوانێت، مانایەکی روون و گشتگیر لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای «کورد بوون و شوناسی کوردی» بە دەستەوە بدا، واتە دەسەڵاتی کوردی و کۆمار، هێژمۆنی پەیدا دەکات و «سەقامگیرییەکی مانایی» بۆ هەموو بوار و دیاردە و ڕەفتارەکان لە چوارچێوەی «گوتاری نەتەوەیی» دروست دەبێت و گوتاری ئێرانی بە مانای فارس، لەق دەکات و بەم شێوەیە پێکهاتەشکێنی گوتاری فەرمی ئێرانی دەکات.

نوخبە سیاسی و نەتەوەییەکان لەو سەردەم و هەلومەرجەدا، بە خوێندنەوەی واقیعی نێودەوڵەتی و دابەشبوونی هێز لە پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتیدا، سوودیان وەرگرت و ئەم کۆمارەیان دامەزراند، لە ئێستاشدا بە جۆر و فۆرمێکیتر پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی، یان لانیکەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕاوە و هێشتا شکڵ و فۆرمی سابتی وەرنەگرتووە و ئەمەش دەرفەتە بۆ ئێمەی کورد و ئەحزاب و رووناکبیران و ... لەم شەپۆلەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و لە لایەکیتر، لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی «بەجیهانی بوون» و ئامرازە مۆدێرنەکانی تەکنۆلۆژی و راگەیاندن و پێوەندی و بەگشتی «هێزی نەرم» کەڵك وەربگرین. ئەوەش یەکێکی دیکە لە ئەزموون یان دەرسەکانی کۆمار بۆ ئێمەی کورد و حیزبەکان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو.

بەڵام دەرسێکی «رووخانی کۆمار» ئەوەیە کە بەبێ دروستبوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیك لە ئێران کە ڕێز لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دێموکراسی بگرێت، ئەو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا ناتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات، بۆیە دروشمی (بنیات نانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ) ئەو خوێندنەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵیگرتووە و لە پێناویدا خەبات دەکا، خەباتێك لە دوو بەرەدا:

ـ لە لایەك چەسپاندن و مسۆگەرکردنی دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران بە یارمەتی هەموو نەتەوەکان.

ـ لە لایەکی دیکەوە هەوڵدان بۆ بەشداری لە بونیات نانەوەی ئێرانێکی دێموکراتیك و فیدراڵ.

خۆشەویستان!

ئێمە رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات شانازی دەکەین کە دوای ٦٧ ساڵ لە رووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوای سەربەرزی کورد و باقی کەسایەتییەکانی ئەو کۆمارە، بە پێشکەشکردنی هەزاران رۆڵەی نیشتمانپەروەر و قارەمان کە لە ڕێزی ئەواندا ڕێبەرانی هەڵکەوتووی وەك دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەبینرێن لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروا ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانین و هەوراز و نشێوە سەختەکانی ئەو ڕێگایە بۆ ساتێکیش گومانی لە دڵماندا پێك نەهێناوە.

سڵاوی گەرم و نیشتمانپەروەریمان پێشکەش بە هەموو ئەو شەهید و کەم ئەندام و دووره وڵاتانە بێ کە درێژەدەری ئەو ڕێگایە بوون و بە کۆڵنەدانیان خەون و خەیاڵی ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانیان پووچەڵ کردووەتەوە.

سڵاو لە هەموو زیندانیانی سیاسی کورد بە تایبەت ئەو رۆڵە قارەمان و چاونەترسانەی ڕێبازی کۆمار کە ئێستا بە تاوانی کورد بوون و وەفاداری بە ڕێبازی پێشەوا و حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زیندانە بەدناوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون.

سڵاو و سپاسی دووبارە بۆ ئێوەی خۆشەویست کە بە ئامادەبوونتان، ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیەتان رازاندەوە و بە دوژمنی نەتەوەکەمانتان نیشان دا کە ئەگەر لە مەهاباد پێتەختی خوێناوی و سەربەرزی کۆماردا، خەڵکی مەهاباد و باقی شارەکانی کوردستان لە بەر زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیان پێ نادریت لە مەیدانی چوارچرا بە ئاشکرا یادی کۆمارە ساواکەیان بکەنەوە لە هەولێر پێتەختی بەشێکی دیکەی کوردستان و لە هۆڵی پێشەوا و بە بەشداریی کوردەکانی هەموو پارچەکان ئەو یادە بەرز رادەگیرێ و سنوورەکان و زۆرداری دیکتاتورەکان ناتوانی هیچ شتێك لەو راستییە بگۆڕێ کە کورد یەك نەتەوە و کوردستان یەك خاکە.

بەرزو پیرۆز بێ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان

هەر شەکاوە بێ ئاڵای کۆمار لە سەرتاسەری خاکی کوردستان

# پەلەقاژەیەکی دیکەی ئێران بۆ راگرتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد

■ شەهاب خالیدی

بەشار ئەسەد بە بیانووی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی وەك ئەلقاعیدە لە نێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لە نێو ریزەکانی ئەرتەشی ئازاد، بێڕەحمانە خەڵکی وڵاتەکەی دەکاتە ئامانج و سەرکوتیان دەکات. رۆژئاواییەکانیش کە خۆیان بە دژی تیرۆریزم لە ناوچەکەدا دەناسێنن و بۆ جێگیرکردنی تەناهی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دێموکراتیزەکردنی ئەو ناوچەیە هەوڵ دەدەن، لە بەرژەوەندییاندا نییە بە شێوەیەکی کارامە بچنە نێو کێشەکە، کە زۆر لێیان روون نیە داهاتووی ئەو وڵاتە دوای رووخانی ئەو دەسەڵاتە بەرەو چ ئاقارێك هەنگاو دەنێ.

ئیخوان المسلمین ئەو هێزە ئیسلامییەی کە لە سەردەمی حافیز ئەسەد بە توندترین شێوە سەرکوت کرا، ئێستا لە نێو هاوپەیمانیی دژبەرانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەددا چەند کورسیەکی هەیە و بەپێی سەرچاوەکان لە لایەن هێندێك وڵاتی ناوچەکەیەوە پشتیوانیی مادی و نیزامی دەکرێ و وێدەچێ کە وەك وڵاتی میسر لە داهاتووی سووریەدا رۆڵێکی کاریگەری لە گۆڕەپانی هاوکێشە سیاسییەکانی سووریەدا هەبێ.

هەروەها باس لە بوونی ئەلقاعیدەش لە نێو ریزەکانی ئەرتەشی ئازادی سووریەدا دەکرێ، بەڵام بەپێی ئەوە کە جیابووەکان لە ریزی هێزەکانی بەشار ئەسەد و خەڵکی ئاسایی ئەو وڵاتە بەشێکی بەرچاوی ئەرتەشی ئازاد پێکدێنن، وێناچێ کە بوونی ئەندامانی ئەلقاعیدە لە نێو ئەرتەشی ئازادی سووریەدا ئەوەندەش بەرچاو بێ کە بتوانێ هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێ.

ڕێژیمێکی وەك ئێرانیش کە بۆ خۆی سەرچاوەی تێکدان و کاری تیرۆریستی و ئاژاوەنانەوە، نە تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدایە، ئێستا کەوتووتە خۆ و پڕوپاگەندە و وڵاتانی ناوچەکە لە ئەگەری هاتنەسەرکاری ئەو گرووپانە دەترسێنێ کە گوایە ئەگەر بەشار ئەسەد نەمێنێ، ئەو گرووپانە ناوچەکە دەکەنە گۆڕەپانی کاری تێکدەرانە و کاری تیرۆریستیی خۆیان.

ئەو ڕێژیمەی کە شۆڕش بە دژی دیکتاتوری لە وڵاتانی وەك میسر و لیبیدا، وەك رابوون و وشیاریی ئیسلامیی ناو دەبرد، ئێستا بەپێچەوانەوە خەڵکی راپەڕیو بە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، بە کەسانی فریوخواردوو و دەست و پەیوەندیی بێگانەکان و بە تیروریست ناویان دەبا و دەیهەوێ بەو سیاسەتە فریودەرانەیەی خۆی، وڵاتانی ناوچەکە لە پشتیوانیکردنی دژبەرانی بەشار ئەسەد بە دوور بگرێ.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئاخۆ هەر دەسەڵاتێك لە سووریەدا بێتە سەرکار، لە ڕێژیمی ئێران مەترسیدارتر دەبێ و دەتوانێ وەك ڕێژیمی ئێران تەناهیی ناوچەکە تێك بدات؟ لە راستیدا جارێ بە تەواوی بۆ وڵاتانی ناوچەکە روون نیە کە لە سووریەدا گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن یان نا؟ بەڵام ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە ڕێژیمی ئێران بە مەترسیدارترین ڕێژیم بۆ سەر تەناهیی وڵاتەکەیان دەزانن و تا ئێستاش زۆر جار بە ئاشکرا کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو وڵاتانە و لایەنە جوراوجورەکانی نێو دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە، باسیان لە دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە نێو کاروباری وڵاتەکانیان کردووە و ئەو ڕێژیمەیان بە مەترسیەکی جیددی بۆ سەر تەناهیی وڵاتەکەیان ناو بردووە. بۆیە ئەو هەوڵانەی ئێرانیش لە پەلەقاژەیەك زیاتر نیە و وێناچێ بەو سیاسەتەش ڕێژیمی ئێران بتوانێ پێش بە رووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بگرێ و دوای رووخانی بەشار ئەسەدیش وێناچێ هەر دەسەڵاتێکیش کە لە سووریەدا بێتە سەرکار لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد پتر سووریە وێران و خەڵکەکەی کوشتار بکا و بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامیش لە ئەنجامدانی ئەو جینایەتانە پشت ئەستوور بێ.




## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### باڵکانی دەریایی سەدەی ٢١؟

ماڵپەڕی «سیاسەتی دەرەکی» وتارێکی لە ژێر ناوی «باڵکانی دەریایی سەدەی ٢١» بە قەڵەمی «کێڤین کوود» بڵاو کردووەتەوە. نووسەر بە شێوەیەکی تێروتەسەل باسی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات، کیشمەکێشەکانی نێوانیان و مەترسییەکانی سەر داهاتووی پێوەندییەکانیان دەکات.

ئەو لە سەرەتادا دەنووسێ: «کاتێکی ئاسایی لە ئاسیای ڕۆژهەڵات لەئارادا نیە. بە هۆی ئەو کیشمەکێشەی لە شەڕی ئیدیعای ناوچەیی لە دەریاکانی ڕۆژهەڵات و باشووری چین سەریانهەڵداوە، ناوچەکە زیاتر و زیاتر لە نموونەی دەریایی شەڕی باڵکان لە سەدەی پیشوو دەچێ ـ مەترسییەك لە ئاودا. هەستی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا زەق بووەتەوە و فەزای سیاسیی نێوخۆیی بۆ لێڕوانینگەلێکی رووبەڕوویانە دابەزاندووە. پەیوەندیی نێوان چین و ژاپۆن لە ساڵی ١٩٧٢ بەملاوە کە پەیوەندیی دیپلۆماتیکیان ئاسایی بووەتەوە، هەنووکە تا کەمترین ئاستی خۆی دابەزیوە و بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی داکشانی بازرگانی و ئاستی سەرمایەدانانی دوولایەنە و هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە حکوومەتە ناوچەییەکان رادەی پەرەئەستاندنیان بە هۆشداری پترەوە مۆنیتۆرینگ بکەن. پەیوەندی نێوان چین و ڤیتنام و نێوان چین و فیلیپین بە شێوەیەکی بەرچاو خراپ بووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە دامەزراوە ناوچەییە سەرەکییەکان وەك ئەنجوومەنی نەتەوەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتی باشوور (ASEAN) بە شێوەیەکی زیاتر و زیاتر بەسەر دوو بەرەی دژبەیەك دابەش بوون. لە بواری پرسە ئەمنییەتییەکانەوە، ناوچەکە لە پاییزی «سایگۆن» لە ١٩٧٥ بەملاوە، زیاتر لە هەموو کات، لەت لەت کراوە.»

نووسەر لە پاراگرافەکانی دواتردا، باسی گرینگیی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە باری ئابووری و باری نیزامییەوە دەکات و باسی هەژمۆنی ئەمریکا لە بەرامبەر هەژمۆنی چین دەکات. ئەو دەڵێ ئەگەرچی لە لایەکەوە لێڕوانینی گلۆبالیزاسیۆن بووەتە هۆی ئەوەی رادەی بازرگانی هاوبەش بگاتە ئاستی شەست لە سەد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە زۆربوونی تێچووی سەربازی ئەو وڵاتانە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو بازرگانییە ناوچەییە لە بواری گەشەی ئابوورییەوە. ئەو بە وردی باسی هەنگاوە هێورکەرەوەکانی ئەمدواییانەی ژاپۆن و وەڵامی پۆزەتیڤی چین دەکات بەڵام دەڵێ ئیستراتیژییە درێژخایەنەکان دیسانیش وەك خۆیان ماونەتەوە. دۆزینەوەی سەرچاوە نەوتی و گازییەکان کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

نووسەر لە دوایین پاراگرافدا دەنووسێ: «لەوانەیە سیاسەتدانەران بتوانن ئیزن بدەن کە رووداوەکان بە ئاقاری هەنووکەیاندا بڕۆن، وەك ئەوەی سەدەیەك لەمەوپێش رووی دا» و دواتر لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە بەشێك لە کتێبی سلیپ واکێر بە ناوی «چۆن ئورووپا لە ١٩١٤دا کەوتە نێو شەڕەوە» و ئاماژەکردن بە کاریگەری پرسی باڵکان لەسەر دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، «رووبەڕووبوونەوەی هەردەم زیاتر لە ناوچە دەریاییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی چین» بە نموونەی باڵکان دەشووبهێنێ.

# سەرانەی موتاڵا و ئامار داتاشینی ناشارەزایانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

و: کامیل نەجاڕی

بەرپرسانی ئێران ئیدیعا دەکەن سەرانەی موتاڵا و خوێندنەوە لەو وڵاتەدا، لە ماوەی چەند ساڵدا لە چەند دەقەیەك لە ڕۆژدا گەیشتووەتە ٧٦ دەقە. ئەو «بازدانە» بە هیچ ڕێسا و لۆژیکێك جێی باوەڕ نییە و هەواڵە فەرمییەکانی بواری چاپ و بڵاو کردنەوەش ئەو ئیدیعایە بە «ئامارسازیی ناشارەزایانە» ناوزەد دەکەن.

نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر هەواڵێك لە ڕاگەیاندنە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا بڵاو بووەوە کە باسی لەوە دەکرد، سەرانەی موتاڵا لە ئێران، لە ڕۆژێکدا دوو خولەکە و ئەگەر کتێبە دەرسییەکانیش بهێنینە ئەژمار ئەوا دەگاتە شەش خولەك.

بەرپرسان دەڵێن ئەو ئامارانە «ڕەش نوێنی» و پڕۆپاگەندەی نەیاران و بێگانەکان لە دژی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام ئەو ئامارە یەکەمجار لە لایەن «عەلی ئەکبەر ئەشعەری» - جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی ئەوکاتی ڕێکخراوی بەڵگەنامەکان و کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران - ەوە ڕاگەیاندرا کە بە هۆی پلە و پایەکەی دەستی بە ڕاپۆرتگەلێکی جێی متمانە لەو بوارەدا ڕادەگا.

## سەرانەی موتاڵا، ئاماری جیاوازی بەرپرسان

«موحسین پەرویز» کە سەردەمانێك جێگری فەرهەنگیی وەزیری ئیرشادی ئێران بوو، لە نێوان ساڵەکانی ٨٥ تا ٨٩ بەرپرسی پێشانگای کتێبی تاران بوو، دەڵێ ئەو ئامارەی باسی دوو خولەك دەکا، هی لێکۆڵینەوەیەکی بەر لە ساڵی ٥٧ بووە. ناوبراو لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٩٠ و لەدیمانەیەك لەگەل ڕۆژنامەی «جام جم» دا وتی: بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە دەیەی حەفتای هەتاوی دا کراون، سەرانەی موتاڵا ١٠ خولەك بووە کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان گەیشتۆتە ١٨ خولەك.

ماوەیەکی کورت پاش وتەکانی «موحسین پەرویز» وەزیری ئیرشاد، محەمەدی حوسێنی، ڕایگەیاند سەرانەی خوێندنەوەی کتێبە نادەرسییەکان ١٢ تا ١٨ خولەکە و وتی: ئەگەر کاتی خوێندنەوەی دۆعا و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بخەینە سەر ئەو ژمارەیە، ئەوا سەرانەی خوێندنەوە لە ئێران دەگاتە ٧٦ خولەك. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی فەرهەنگیی دەوڵەت، ڕێژەی سەرانەی خوێندنەوە لە ئێرانیان بە زیاتر لە دوو کاتژمێر خەملاند.

«مەنسوور واعزی»، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی کتێبخانەگشتییەکانی ئێران لە بەرواری ٤ی ڕێبەندان دا ئیدیعای کردووە لە ساڵی ٨٧ بەملاوە، لێکۆڵینەوە لە ڕێژەی خوێندنەوە بە شێوازگەلێکی نوێ بەڕێوە دەچێ کە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە سەرانەی موتاڵا لە ئێران لە ئێستادا گەیشتۆتە ٧٥ خولەك و ٣٦ چرکە.

## «تەکووزیی موتاڵا» لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد دا

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵنێریی مێهر، واعیزی لە پرێس کۆنفرانسێکدا کە لە بەرواری ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩١ لە کتێبخانەی ناوەندیی پارکی شار بەڕێوە چوو، وتی: یەکێك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی و دەوڵەتەکانی نۆهەم و دەهەم لە وڵاتەکەماندا، بەرز بوونەوە، ئامانجدار بوون و تەکووزیی موتاڵا لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا بووە.

بەو پێیە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن ڕادەی موتاڵا لەم وڵاتەدا لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا قەڵەمبازێکی داوە و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییشی تێپەڕاندووە. بەڵام بەڵگەگەلێکی زۆر و زەوەند، ناڕاستیی ئەو ئیدیعایە دەسەلمێنن.

ئەگەر وای دانێین وتەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ چەند قات بوونی ڕادەی خوێندنەوە ڕاستن، ئەوا دەبێ هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی ئەو کتێب و بڵاڤۆکانەیش کە لە ئێران بڵاو بوونەتەوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو زیادی کردبێ.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر سەرانەی موتاڵا لە ئێراندا لە وڵاتێکی وەك ئاڵمان زیاتر بێ، ئەوا پێویستە بۆ نموونە تیراژی کتێبەکان و گۆڤارەکان لەو دوو وڵاتەدا لانیکەم بەقەد یەك بێ. بە لەبەرچاو گرتنی ئامار و داتا فەرمییەکان، لە هیچ کام لەو دوو بوارە دا وەها نییە.

## دووبەرابەر بوونی ناوەکان و دابەزینی تیراژی کتێب بە ڕێژەی ٤٩٪

بە پێچەوانەی ئیدیعای واعیزی، لە دەیەی هەشتای کۆچی دا کە بەشی زۆری تەمەنی دەوڵەتەکانی نۆهەم و دەهەمی تێدا تێپەڕی، «ئاستی خوێندنەوە لە نێو چینە جیاوازەکان» نەك هەر تەکووزیی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵکوو زۆر بە خێرایی دابەزیوە.

ژمارەی ناوی ئەو کتێبانەی چاپ و بڵاو بوونەتەوە، لە سەرەتا تا کۆتایی ئەو دەیەیە دوو بەرابەر بووە و لە ساڵی ٨٩ دا گەیشتۆتە ٦٤ هەزار و ٦٠٠ کتێب. بەرپرسان، ئەو هەڵکشانی ژمارەی ناوی کتێبەکان، بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەهەندەکانی تر، وەك بەڵگەیەك بۆ زیاتر بوونی ڕێژەی کتێب خوێندنەوە دێننە ئەژمار و هەر بەو پێیەش ئێران دەخەنە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە و لە سەرووی زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی دایدەنێن.

سەرنجێکی تر لەو ئامارانەی ڕێکخراوی ماڵی کتێب بڵاویان دەکاتەوە، دەری دەخەن کە ئیدیعای بەرپرسان ڕێك بە پێچەوانەی ڕاستییەکانە و زیاد بوونی ژمارەی ناوی کتێبە بڵاو کراوەکان کاتێك بە واتای زیاد بوونی ڕێژەی خوێندنەوەیە کە ژمارەی ئەو کتێبانەیش وا بڵاو بوونەتەوە، دوو بەرابەر بوایە.

ژمارەی هەموو ئەو کتێبانەی بە تایبەت لە نیوەی دووهەمی دەیەی هەشتا دا چاپ و بڵاو بوونەتەوە، لە مەودای نێوان ساڵەکانی ٨٥ تا ٨٩ نزیك بە ٣٢ ملیۆن نوسخە کەمی کردووە. هۆکاری ئەوەش کەم بوونەوەی بەرچاوی تیراژی کتێب لەو ساڵانە دایە.

لە ساڵی ٨٠ دا مامناوەندیی تیراژی کتێب لە ئێراندا ٥٢٣٤ نوسخە بووە کە لە ٩ مانگی سەرەتای ساڵی ٩١ دا بە ٤٩٪ دابەزین، گەیشتۆتە ٢٧٦٨ نوسخە.

## زیاد بوونی حەشیمەت، کەم بوونەوەی ژمارەی کتێبەکان

سەجەمی ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان لە ئێراندا لە ٢٢٨ ملیۆن و ٥٥٠ هەزار لە ساڵی ٨٥ دا گەیشتۆتە ١٩٨ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار لە ساڵی ٨٩ دا.

لە ساڵەکانی ڕابردوودا مامناوەندیی ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکانیش هەر ساڵ کەمتر لە ساڵی پێشوو بووە. بە پێی ئاماری ماڵی کتێب لە ساڵی ٨٥ دا، سەرجەم بڕێك کەمتر لە ٤٧ ملیارد لاپەڕە چاپ و بڵاو بۆتەوە. ئەو ئامارە لە ساڵی ٨٩ دا بە دابەزینی ١٢٪ گەیشتووەتە ٤٠ ملیارد لاپەڕە.

بە واتایەکی تر ئەگەرچی ژمارەی ناوی ئەو کتێبانەی چاپ بوون دوو بەرابەر بووە، کۆی ئەو دەقە چاپکراوانەی گەیشتۆتە دەست خوێنەران نزیك بە ٧ ملیارد لاپەڕە کەمی کردووە.

کەم بوونەوەی کۆی گشتیی کتێب و لاپەڕە چاپ کراوەکان لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، حەشیمەتی ئێران لە دەیەی هەشتای کۆچیی هەتاوی دا هەر ساڵ، نزیك بە یەك ملیۆن کەس زیادی کردووە. بەو شێوەیە، هەر لە بنەڕەت ڕا بنەما و کەرەسەی پێویست بۆ زیاد بوونی ڕێژەی موتاڵا دەستەبەر نەبووە و ئەو ئامارانەی بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە بن، جێگای متمانە نین.

## دەوڵەت ـ بردنە سەری سەرانەی موتاڵا

لە بارودۆخێکدا کە بڵاڤۆکە گرنگەکانی وڵات خەریکە پووڵچك (ورشکستە)دەبن، ناتوانین بڵاو کردنەوەی ئاماری سەرانەی ڕۆژنامەخوێنی لە ئێران، بە شێوەیەك کە زیاتر لە مامناوەندی وڵاتانی ئوروپاییە و هاوئاست کردنی بەشێك لە چالاکییە بڵاڤۆکییەکانی ئێران و ئاڵمان لە لایەن مەنسووری واعیزییەوە، بە هەند وەربگرین.

بە گوێرەی مانگنامەی ژورنالیست، داهاتی ڕۆژنامەکانی ئاڵمان لە ڕێگای ڕێکلامە بازرگانییەکانەوە لە ساڵی ٢٠١١ دا

## ئاڵمان ـ ١٨ ملیۆن ڕۆژنامە، ٢٣ خولەك موتاڵا

لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین بە لێکدانەوەی بارودۆخی چاپ و بڵاو کردنەوە و ڕادەی موتاڵا لە وڵاتێکی وەك ئاڵمان دا، تا ڕادەیەك بزانین کە چ ڕێژەیەك بابەتی چاپ کراو پێویستە بۆ ئەوەی شارۆمەندانی ئێران بگەنە ئەو سەرانەی موتاڵایەی بەرپرسانی ئێرانی ئیدیعای دەکەن.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی دوو کاناڵی باوەڕپێکراوی ئاڵمان (ZDF و ARD) لە ساڵی ٢٠١٢ دا هەر شارۆمەندێکی ئاڵمانی بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە ٢٣ خولەك ڕۆژنامە، ٢٢ خولەك کتێب و ٦ خولەك گۆڤاری خوێندۆتەوە.

گۆڤاری مانگانەی ژورنالیست، بڵاڤۆکی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی ئاڵمان، لە ژمارەی مانگی ژانویەی ٢٠١٣ دا دەنووسێ: لە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە ١٨ ملیۆن ڕۆژنامە لەم وڵاتەدا فرۆشراوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا، چەند ڕۆژنامەیەکی پڕ تیراژ کە ڕۆژانی یەکشەممەش بڵاو دەکرێنەوە نەهاتوونەتە ئەژمار.

بە سەرنجدان بە سەرژمێریی ساڵی ٩٠ و ڕادەی زیاد بوونی حەشیمەتی ئێران، ژمارەی شارۆمەندانی ئەو وڵاتە تا کۆتایی ساڵی ٩١ گەیشتۆتە ٧٧ ملیۆن کەس. حەشیمەتی ئاڵمان نزیك بە ٥٪ لە حەشیمەتی ئێران زیاتر و نزیك بە ٨٢ ملیۆن نەفەرە.






نێ دوان...

# بەرپرسانی

زیاتر لە ٣ ملیارد و ٥٦ ملیۆن یۆرۆ بووە ولە ساڵی ٢٠١٢ دا لە هەر سێ کەسی ئاڵمانیی سەرووی ١٤ ساڵ، دوو کەسیان بەشێوەی بەردەوام ڕۆژنامەیان خوێندووەتەوە.

بە سەرنجدان بە قەیرانی چاپ و بڵاو کردنەوە و بارودۆخی ئابووری و ئەمنیی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا ئیش دەکەن، بە هیچ پێوەرێك ناتوانین ئەو ئیدیعای بەرپرسان قەبووڵ بکەین کە سەرانەی موتاڵا لە ئێران، لە سەرووی زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بێ.

پێدەچێ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە نیوەی دەوڵەتی نۆهەم بەولاوە بڕیاریان داوە، بە هەر شێوەیەك بێ، سەرانەی موتاڵا لە ئێران لانیکەم لە سەرووی وڵاتانی ناوچەکەوە بێ. بەو مەبەستەش ئامار و زانیاریگەلێك بڵاو دەکرێتەوە کە نە تەنیا ناماقووڵ و ساختە دێنە بەر چاو، بەڵکوو لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا و لە سەر زاری هەر کام لە بەرپرسەکان بە جۆرێکە و زۆر جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

جۆری کتێب خوێندنەوەکە جیاوازە

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی کتێبخانە گشتییەکانی ئێران، لە بەرواری ٤ی ڕێبەندان دا وتی، زۆرترین سەرانەی کتێب خوێندنەوە تایبەتە بە خەڵکی تاران بە ڕێژەی مامناوەندیی ٩٥ خولەك لە ڕۆژدا و کەمترین سەرانەش هی خەڵکی پارێزگای چوارمەحال و بەختیارییە کە ٤٩ خولەکە. هەواڵدەریی مێهر لە سەر زاری ناوبراوەوە ڕایگەیاند،سەرانەی موتاڵای هەر ئێرانییەك ٧٥ خولەك و ٣٦چرکەیە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی مێهر، نزیك بە سێ حەوتوو بەر لە وتەکانی واعیزی، بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگای ئەردەبیل ڕایگەیاندبوو سەرانەی موتاڵا لەو پارێزگایەدا ١٤ خولەکە و وتبووی: ئەو سەرانەیە لە ئاستی ئێراندا گەیشتووەتە ٧٩ خولەك و بەو پێیەش ئێمە ٦٥٪ لە خوار مامناوەندی ئێرانەوەین.

بەشی ڕاگەیاندنی ئیدارەی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی وڵاتیش لە بەرواری ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩١ دا لە زمان واعیزیەوە ڕایگەیاندبوو، سەرانەی موتاڵا لە ئێراندا ٧٩دەقەیە کە لە ناوچەکە دا پلەی یەکەممان هەیە. کەمترین ڕێژەی موتاڵا لە پارێزگاکانیش، ٣٥ دەقە زیاترە لەوەی بەرپرسانی پارێزگای ئەردەبیل باسی دەکەن.

سەرەڕای جیاوازییەکی بەرچاو کە لە ئاماری بەرپرساندا هەیە، بەرپرسی کتێبخانە گشتییەکانی ئەردەبیل دەڵێ: ئەو سەرانەیە بە ٠,٤٪ هەڵەوە حیساب دەکرێ.

ڕەنگە هەر ئەو دژبەری و جیاوازییانەی ئامارەکانی سەرانەی موتاڵا و ڕاستییەکانی چاپ و بڵاو کردنەوە بوو کە مستەفای پوور محەممەدی، وەزیری ناوخۆی ناچار کرد لە بەرواری ٢٢ی گوڵانی ١٣٧٨ دا بگاتە ئەو ئەنجامە سەیرە کە «دروست نییە لە حیساب کردنی ئاماری سەرانەی موتاڵا دا ئێمە پێوەرێکی هاوشێوەی وڵاتانی ترمان هەبێ چونکە جۆری کتێب خوێندنەوە لە وڵاتی ئێمە، جیاوازە لە وڵاتانی تر. پوورمحەممەدی لەمەڕ جۆری کتێب خوێندنەوەی ئێمە و جیاوازییەکەی لەگەڵ وڵاتانی تر هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدا.

# چەند کۆپلە شیعری ک. د. ئازاد



هۆرە

دارەبەنێ،
لە بەندەنێ
هەموو شەوێ ڕادەچەنێ!
خەون ئەبینێ، پەلێکی خۆی
بۆتە دەسکی تەورێکی شێت،
بە پیلانی داربڕەکان
کەوتۆتە ویزەی دارستان!

تەشەر!

دوایین گەڵای،
پیرە دارێ کەوتە خوارێ!
پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی،
پەیامێکی بۆ شەختە نارد :
هەرگی من هەرگی دار نیە!
هەرگی داریش،
بڕانەوەی نزار نیە!

پایزە خەم

دڵم یەک سوڵتانی دەوێ
بێ زیاد و کەم!
یا تۆ یا خەم!
**
تەنیا هەر شێعری من نیە
کێش و قافییەکەی لەنگە!
تۆ کە دیار نی،
شار دڵ تەنگە!
**
کەی ڕەوایە!
تەنیا شەوێک لات میوان بم
٣٦٥ ڕۆژان چاوەڕوان بم ؟
**
هەزار خۆزگەم بەو ئاوێنەی
چاو لە بەژن و باڵات دەکا
سەر تا خوارت!
بە بێ ترسی کەسوکارت!

**
هێشووی خەمێک،
بە پەرژینی نیگاتەوە هەڵواسراوە!
ڕەزەوانی خۆشەویستی،
حەیران ماوە!
کۆرپەی دڵی من تاساوە!
**
بشم سووتێنی
وەک قەقنەس،
دووبارە زیندوو دەبمەوە
بە جێت ناهێڵم یەک نەفەس!
**
لە حەرەمسەرای سرووشت دا
داران ڕووتن!
زاوای پایز،
بە هەزار دەستی زریانی
دەست لە بەژنی دار وەردێنێ
هەموو شەوێ تا بەیانی!
**
منیش ڕۆژێک هەڵدەپەڕم
ئەو ڕۆژەی خەم،
وڵاتەکەم بە جێ بێڵێ
ستەم جەرگی گەل نەکێڵێ!
*
تفەنگ

کاتێ تفەنگ،
تاکە پێنووسی شێعرم بوو،
شۆڕش،
جوانترین قەسیدە و
ڕاپەڕین،
خۆشترین وشە و
ئازادی،
تەنیا وانە بوو!
**
لە دوای تفەنگ،
هەرچیم نووسی بەهانە بوو!

Photo: Loghma Rahim

# کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی ئیسراییل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

■ و: موعتەسەم نوورانی

پارڵمانی ئیسراییل یا «کنست» لە ۱۲۰کورسی پێك هاتووە. ئەگەر حیزبێك یا هاوبەندی چەند حیزب کە بتوانیٚ زیاتر لە نیوەی ئەو کورسیانەی پارڵمان وەدەست بێنی، ئەوکات سەرکەوتوو دەبیٚ بۆ ئەوەی کابینە پێك بێنیٚ. بەڵام لە مێژووی ٦٤ ساڵەی ئەو ڕێژیمەدا، واتە لە ساڵی ۱۹٤۸دا هیچ حیزبێك بە تەنیایی نەیتوانیوە کابینە پێك بێنیٚ. و لە ساڵی ۱۹۹۰ بەم لاوە، زۆر جار یکگرتوویی حیزبەکان لێك هەلوەشاوەتەوە و پارڵمان دەوری ٤ ساڵەی خۆی تەواو نەکردووە، و ناچار بوون کە زووتر لە کاتی خۆی هەڵبژاردن بکەن. ئەوە بۆتە عورفێکی سیاسی کە هەڵبژاردنی ئەو جارەش ۱۰ مانگ زووتـر لە کاتی دیاریکراوی خۆی بکرا، زۆربـەی لێکۆڵەرە سیاسییەکان پێیان وایە ئەوە زیرەکی نتانیاهۆ بوو بۆ وەدەستهێنانی کورسی زیادتر، لە هەڵبژاردنەکانی پارڵمانیی و ئەو جارەدا بۆ بەڕێوەبەری وڵات.

هەر چەند لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۹دا، حیزبە راستڕەوە مەزهەبییەکان، زۆرینەی کورسییەکانی پارڵمانی ئەو وڵاتەیان وەدەست هێنا و بنیامین نتانیاهۆ کـە ئـەوکـات ڕێـبـەری ئۆپۆزیسیۆن بـوو تـوانـی کـە بـە بەشداریـکردنی حیزبەکانی راستڕەوی وەك لیکوود و ئیسراییل ماڵی نویٚ و حیزبە مەزهەبییەکانی وەك شاس، ماڵی یەهود، یـەهـودیـیـەتی تـەوڕاتـی یـەکـگـرتـوو، و حیزبی چەپی کار هاوبەندییەکی بەرین درووست بکا و کابینە پێك بێنیٚ... هەر بەڵام لەو هاوبەندییەدا لـە سـەر زۆر خالی گرینگ وەك ئەمنییەتی نەتەوەیی، پرۆسەی ئاشتی ئیسراییل و فەلەستین، کێشەی ناوکی ئێران، جیایی دین لە سیاسەت و دێموکراسی، جیاوازی بیروباوەڕ هەبوو. بەڵام بە حالەش یەکگرتوویی بەرچاو لە نێویاندا هەبوو بە تایبەت هەموویان لە سـەر ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی هاوڕا بوون.

هەڵبژاردنەکانی ئیسراییل ئەو جارە لە کاتیکدا بـەڕێـوە دەچـیٚ کـە ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەبن و قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە و ئێران لەگەڵ ئەوەی گەمارۆی توندی ئابووری لە سەرە و لەگەڵ وەزعی شپڕێوی ناوخۆیی و گوشاری لە رادەبەدەری نێونەتەوەیی روبەڕوویە، هـەروا لـە سـەر سیاسـەتی خـۆی و بەرنامە ئەتۆمییەکە بەردەوامە، وەزعی سووریە کە دراوسێی باکوری ئیسراییلە رۆژ لەگەڵ رۆژ خرابتر دەبیٚ، قەیرانی ئیسراییل و فەلەستین هەر وەك خۆیەتی و هەروەها بەرەی مقاومەت بە تەواوی هەڕەشەیە لە سەر ئیسراییل. لە هەڵبژاردەکانی ئەو جارەدا سەرەڕای ئەوە کە حیزبی لیکود دەنگێکی زۆری لە دەست دا بـەڵام بەو حاڵەش وەك بەتواناترین هێزی سیاسی ئیسراییل لە مەیداندا مایەوە دوای تـەواوبـوونـی هەڵبژاردن و ئاکامەکەی بنیامین نتانیاهۆ بە وەدەستهێنانی زۆرترین کورسی لە پارڵمانی ئیسراییل سەرکەوتنی خۆی و حیزبەکەی راگەیاند و پیرۆزبایی لە لاینگرانی خۆی کرد. بۆ سێهەمین جار لە سەر کورسی سەرۆك وەزیرانی ئیسراییلدا دەمێنێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتی رۆیترز، حیزبەکەی نتانیاهۆی ۳۱ کورسی لە ۱۲۰ کورسی کنست وەدەست هێنا کە هێشتا لە سەرووی هەموو حیزبەکانە، هـەروەك بۆ زۆر کەس روون بوو کە لیکود براوەی هەڵبژاردەکان دەبیٚ.

بەو شێوەیە ئاغای بینامین نتانیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل کە تەمەنی ٦۳ساڵە لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە ناوخویی و دەرەکی روبەڕوویە و گرینگترین کێشە بۆ ئەوان کێشەی ئێران و چەکی ئەتۆمییە.

نتانیاهۆ دووبارە جەختی کردەوە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و وتـی: «بـە هیچ شێوەیەك رێگا نـادا کە ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی رابگا. بە توندی لەگەڵ ئەو کێشەیە ململانیٚ دەکا.» هەروەها رۆژی یەکشەممە ۸ی ڕێبەندان لە کۆبـوونـەوەی دەوڵـەتـدا وتـی: ئێران دەیەویٚ هولۆکاستیکی دیکە بە دژی یەهودیەکان وەڕیٚ بخا، بنیامین نتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل لە درێژی قسەکانیدا وتـی: دژایـەتـی لـەگـەڵ یـەهـودی و یەهودییەت لە جیهاندا ئێستا کۆتایی نەهاتووە، نەتەنیا ئاواتی لە نێوچوونی ئیسراییل لە لایـەن هێندیك خەڵکەوە هەیە بەڵکوو لە لایەن وڵاتانی سەرکێش ئەو ئاواتە زۆر بەرچاوە. ئیشارەی بە قسـەکـانـی ئـەحـمـەدی نـژاد سەرۆك کۆماری ئێران کرد لە پشت تریبوونی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان حاشای لە هۆلوکاست کرد و هەر لەو بوارەشدا خۆی بو هولۆکاستێك ئامادە دەکا و دەیانەویٚ ئیسراییل لە سەر خەریتەی جوگرافیا پاك بکەنەوە و کۆتایی بە حکومەتی یەهودییان بێنن و یەهودییەت بسڕنەوە. ئەوان بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، چونکە مەبەستیان لە نێوبردن و سڕینەوەی ئیسراییلە، بەڵام ئێمە ئەو مەترسیانە رادەگرین، ئەوە ئامانجی سەرەکی دەوڵەتی من و ئامانجی سەرەکی میللەتی ئێمەیە.

نەتانیاهۆ وتی: بە تیپەڕبوونی تەنیا چەند دەیە لە هولۆکاست، ئیرادە بۆ لە نێوبردنی یەهودیان نەگۆڕاوە بـەڵام شتێك کە گـۆڕاوە، دەسـەڵات و توانایی یەهودیانە بۆ بەرگریی لە خۆیان، کە لە ئامادەیی ئێمەدا ئیقدام پێویستە ئەگەر یەهودییەکان بـەرگـریـی لـە خـۆیـان نـەکـەن کـەس بەرگرییان لیٚ ناکا مەگەر ئـەوی کە بۆخویان لە خۆیان بەرگریی بکەن. لە کاتێکدا کە نتانیاهۆ وتی ئێران خەرێکی پێکهێنانی هولۆکاستێکی ترە و باسی مەترسییەکانی چەکی ناوکی ئێرانی کرد، رۆژی پێنجشەممەی رابـردووش لە ئامریکادا سەناتۆر جانکری لە کۆبوونەوەی سەنادا وتی کە ئامریکا تەنیا بە کۆنترۆڵکردنی بەرنامە ئەتۆمیی ئێران رازی نابیٚ بەڵکوو بەهیچ شێوەیەك رێگا نادا کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیی. ئیهود باراك وەزیری بەرگری ئیسراییل، لە کۆتایی حەوتووی رابـــردوودا، لـە چاوپێکەوتنێکی لـەگـەڵ وێب سایتی ئەمریکی «دەیلی بیٚست» وتی: ئامریکا گەڵاڵەگەلێکی سەربازی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران وەك ئاخرین رێگا چارە، بۆ پێشگیری کردن لە شەڕئەنگێزییەکانی رێبەرانی ئێران ئامادە کردووە، هەروەها وتی گەڵاڵە سەربازییەکانی ئامریکا بە دژی ئێران، لە «جۆری لەیزەریە» ئامریکا رەنگە ئەو جارە بە شیوەی عێراق و ئەفغانستان نەکا و بەڵکوو بە شێوەیەکی تر و تاکتیکێکی تر بێتە مەیدان. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی لەگەڵ ئەوانەش دەبیٚ گەمارۆی توندی ئابووری بەردەوام بیٚ و «هەنارده و هاوردەی» ئەو وڵاتە بە تەواوی رێگای لیٚ بگیریٚ بەڵام لەگەڵ ئەوەش لێدانی سەربازیش لە ئارادا هەبیٚ چونکە ئەوە یاسای رێژیمە دیکتاتۆرەکانە کە گویٚ نادەنە ئەوەی کە خەڵك برسییە، یا لە برسان دەمریٚ.

لە چەند رۆژی رابردوودا هەم سەرۆك کۆماری ئیسراییل و هەم هێنری کێسنجێر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئامریکا ئێرانیان ئاگادار کردەوە کە نە ئیسراییل و نە ئامریکا رێگا نـادەن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیی ئیسراییل دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی، خۆی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکانی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە دەکا و بە بەرنامەی نویٚ دێتە مەیدان.

لـە بـارەی ئـەو تـەقـیـنـەوە بـەهـێـزەی کـە لە دامەزراوەکانی ئەتۆمیی «فەردو» لە قوم هاتە ئـاراوە وەزیـری ئەمنییەتی ئیسراییل وتـی ئەو تەقینەوەی «فەردو» جێگای سرنجە و پێشوازی لێدەکـەیـن. وێـب سایتی ئـەمـریـکـی لـە زاری حەمید رەزا زاکـری وتی ئەم تەقینەوە ئێوارەی چوارشەممە بوو کە زەربەیەکی قورس لە دامەزراوە ئەتۆمییەکەی کەوت و هەر ئێستا زیاتر لە ۲۸۰ کەس کارناس و کرێکارانی دامـەزراوەکە لە نێو داڵانەکاندا رێگایان لیٚ گیراوە و ناتوانن بێنە دەرەوە.



www.washington post.com
www.wj.com

# کوردستان، هەمیشە لە پەراوێزدا....

■ هێمن

ئەگەر بڵەین بوونی زانستگەیەکی سەرکەوتوو لە باری زانستییەوە لە هەر شارێکدا، ئاوێنەی زانست و هزری دانیشتوانی ئەو شارەیە، رەنگە زۆر دوور لە راستی نەبێت. کە بەداخەوە بە هۆی سیاسەتی سـەرەڕۆیـی دەوڵـەتـانی داگیرکەری کوردستانەوە، هەنووکەش زانستگەکانی ناوچە کوردنشینەکان، هەر وەك دانیشتوانی ناوچەکە لە هەموو بارێکەوە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە فەرامۆش کراون.

ئەگەرچی مـێژووی دامـەزرانـدنی زۆربەی زانستگەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی سی و چلی هەتاوی، بەڵام پارێزگای کوردستان تا ساڵی ۱۳۵۳ لە بوونی زانستگە بێبەش دەبیٚ. کە لە سەرەتادا لە ژێر ناوی دانشسەرای باڵای سنە کە خۆی ژێر شاخەیەك لە زانستگەی تەربیەت موعەللیمی تـاران دەبـیٚ، دەست بە وەرگرتنی خوێندکار دەکـا، بـەڵام دواتـر دەبێتە بەشێك لە زانستگەی رازی کرماشان و تا ساڵی ۱۳۷۰ کە وەك زانستگەی کوردستان بە فەرمی دەناسریٚ و دەبێتە زانستگەیەکی سەربەخۆ، هەر بەشێك دەبیٚ لەو زانستگەیە. ئەوەی کە ئەم ناوەندە پاش نزیکەی ۳۰ ساڵ دوای زانستگەکانی تری ئێران دادەمەزریٚ و دوای دامەزراندنیشی بۆ ماوەی ۱۷ ساڵ وەك ژێرشاخەی زانستگەکانی تر دەمێنێتەوە، رەنگە دوو هۆی سەرەکی بن کە هەنووکەش ئەم زانستگەیە نەیتوانیوە ئەو پێگەیەی کە شایانی خۆیەتی بەدەست بێنیٚ و ببێتە زانستگەیەکی جێی سەرنج بۆ خوێندکارانی بەشەکانی دیکەی ئێران.

هـەر سـاڵـە چـەنـدین نـاوەنـد لـە جیهاندا پلەبەندی زانستگەکان بڵاو دەکەنەوە کە هەر کام پێوانەکانیان جیاوازی هەیە و هەر ناوەندێکیش بڵاوی دەکاتەوە کە کامانە خاڵ بۆی گرینگ بوون و بە چ مەبنایەك ئەو پلەبەندیەی ئەنجام داوە، زۆربـەی قوتابیان دوای ئـەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکەن و بۆ درێژەدان بە خوێندن روو لـە زانستگەکان دەکــەن، بۆ هەڵبژاردنی زانستگە، ئەو پلەبەندییە رەچاو دەکـەن. بەڵام لە ناوخۆی ئێرانیشدا هەر ساڵە ئەو پلەبەندیە بۆ زانستگەکانی ئێران بڵاو دەکرێتەوە کە لە ساڵی ۱۳۹۱دا پلەی ۳٤ بە زانستگەی کوردستان دراوە. ئەگەرچی بانگەشەی ئـەوە دەکردریٚ کە بەپێی رێـژەی نامێلکە زانستییەکانی کە خوێندکاران و مامۆستاکانی زانستگە لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا بڵاویان کردۆتەوە، ئەو پلەبەندییە دەرکراوە، دوور لە راستییە و تەنیا پێوانەیان رادەی مامۆستایان لە بەرانبەر خوێندکاران دایە. بەپێی ستانداردە جیهانییەکان دەبیٚ بۆ هەر ۱٦ خوێندکار لە زانستگەدا، مامۆستایەك هەبیٚ، ئەگەرچی بە گشتی ناوەندە خوێندکارییەکانی ئێران تا گەیشتن بەو لووتکەیە مەودایەکی زۆریان هەیە، بەڵام دیسان زانستگەی کوردستان بە نیسبەتی ئـەوان لـەو لوتکەیە دوورتـرە. ئـەگـەر بۆ وێنە زانستگەی کوردستان دەگەڵ زانستگەی تەورێز هەڵسەنگێنین، زیاتر راستی ئەو وتەیەمان بۆ روون دەبێتەوە.

زانـسـتـگـەی تـەورێـز هـەنـووکـە ۲٤ هەزار خوێندکاری هەیە و ٦۵۰ مامۆستا، یانی بۆ هەر ۳۷ خوێندکار، مامۆستایەك دابین کراوە، بەڵام لە بەرانبەردا زانستگەی کوردستان بە نزیکەی ۱۳۰۰۰ خوێـنـدکـارەوە تەنیا ۲٦۷ مامۆستای هەیە، کە هـەر ٤۸ خوێندکار مامۆستایەکیان وەبـەردەکـەویٚ، ئـەگـەر تەنیا لە بـواری رادەی مامۆستاکانی زانستگەوە، وەك یـەك سەیریان بکراییٚ، دەبوو زانستگەی کوردستان بەو رێژەی خوێندکارە خاوەنی ۳۵۱ مامۆستا بوایـیٚ. کە دەیتوانی بەشێکی زۆر لەو کەسانەی وا ئێستا لە کوردستاندا هەڵگری بڕوانامەی دوکتوران کۆ بکاتەوە و لە پسپۆریان کەڵك وەربگریٚ. نووسەری ئـەم دێـڕانـە دڵنیایە کە لـە هـەمـوو بەشەکانی زانستدا بە دەیـان کەسی پسپۆڕ لە کوردستاندا هەن کە دەتوانن ئەو کەلێنە خاڵیە پڕ بکەنەوە. بەڵام بە زۆر هۆوە نەیان توانیوە لە زانستگەیەکی وەك کوردستان کورسییەکی وانەوتنەوە وەربگرن کە لـێـرەدا بـە کـورتـی ئـامـاژە بـە چەند خاڵێك دەکردریٚ.

ئەگەرچی هەر وەك باس کرا دەسەڵاتی ناوەندی تا رادەیەکی زۆر رێگر بووە و بە هەموو شێوەیەك پێش گرتن بە گەشەکردنی ناوچە کوردنشینەکانی وەکـوو سیاسەتێك رەچـاو کـردوە بـەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرپرسانی بەشە جیاجیاکانی زانستگەش هەر وەك دەسەڵاتی ناوەندی لە هەمبەر رێنەدان بە لاوانی پسپۆڕی کورد بۆ بەشداری لە پرۆسەی بردنەسەری ئاستی زانستی زانستگە تاوانبارن.

بەرپرسانی زانستگە تـا رادەیـەکـی زۆر بۆ وەرگرتنی مامۆستا دەستیان ئاوەڵایە و دەبیٚ بـەپـێـی چـوونـە سـەری رێـژەی خوێـنـدکـار لە زانستگەدا هەوڵی زیادکردنی مامۆستاش بدەن و لەو رێگەیەوە بەشێك لە ئەرکی مێژوویی خۆیان لە بەرانبەر نیشتمانیاندا بە جیٚ بێنن. بەڵام بەداخەوە ئەو ئەرکەیان فیدای پاوانخوازی و قازانجی تاکە کەسی خۆیان کردوە و بە دەیان لاوی پسپۆڕی کورد بۆ بژێوی رۆژانەیان سەرقاڵی کارێکن کە هیچ پێوەندیەکی بە بواری پسپۆڕیانەوە نیە. بۆ وێنە بەشی کۆمەڵناسی زانستگەی کوردستان کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دامـەزراوە ئەگەرچی ٤۰ خوێندکاری کارناسی بـاڵای هەیە بەڵام تەنیا ۳ مامۆستای هەیە و بە دەیـان کەس کە لە کۆمەڵناسیدا پسپۆڕن و هەڵگری چەندین نامیلکەی زانستین، داواکـاری وەرگرتنیان لە لایەن بەرپرسی ئەو بەشەوە رەت کراوەتەوە یان بە شێوەی کاتی وەری گرتوون و پاشان دەرکراون. کە بە وتەی خوێندکارانی ئەو بەشە لە زانستگەی کوردستان، بوونی ئەو کەسانە دەبووە هۆی ئەوەی کە لـە مـاوەیـەکـی کـەمـدا بـەشـی کۆمەڵناسی زانستگەی کوردستان وەك قوتبێك لە ئێراندا ناوزەد بکریٚ.

ئەوەی کە کوردستان بە درێژایی مێژوو لە لایەن دەسەڵاتە سەدەنێوەڕاستیەکانەوە لە پەراوێزدا بووە، راستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لەوەش بە زامتر کەمتەرخەمی و هەست بە بەرپرسایەتی نـەکـردن و پـاوانـخـوازی بەشێك لـە بەرپرسانی زانستگەیە کە بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان ڕیٚ لە گەنجە کوردەکان دەگرن تا توانا و پسپۆڕی خۆیان لە رێگای ئەو زانستگەیەوە بۆ خزمەت بە نیشتمانیان بە کار بێنن.



# وانەکانی کۆماری کوردستان، چوونە نێو سەردەمی مودێرنی بزووتنەوەیی رزگاریدەری نەتەوەیی کورد

■ نووسین: بێهزاد خۆشحاڵی

■ وەرگێڕان: هیوا میرزایی



راپەڕینی قازی محەممەد بە هۆی چییەتی جیاواز و تایبەتمەندی سیاسی و مودێرنەکەی، گرینگترین بزووتنەوە لە مێژوویی نەتەوەیی کورد دێتە ئەژمار. بنچینەیترین تایبەتمەندی راپەڕینی قازی محەممەد کە بوو بە هۆی جێگیربوونی «کۆماری کوردستان» لە ساڵەکانی ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧دا، چییەتی دێموکراتیکی ئەو لە جێگیربوونی کردەکیدایە، کە تا سەردەمی ئێستاش دەتوانێ ئولگووێکی گونجاو بێ بۆ ئەو حکوومەتانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندان.

کردار: راپەڕینی قازی محەممەد

هۆکار: کۆمەڵەی ژێکاف، قازی محەممەد، حیزبی دێموکرات

پانتایی:

ئەلف — شوێن: زۆربەی بەشەکانی کوردستان لە باشووری ئازەربایجانی رۆژئاوا(ناوچەی موکریان) و بەشێك لە باکووری ئۆستانی کوردستان( بانە و سەقز) کە لەو سەردەمەدا سەر بە ئۆستانەکانی ئازەربایجان و ئەردەڵان بوون.

ب- کات: ١٩٤٧-١٩٤٤

ئامراز: راپەڕینی چەکداری و هاوپێوەندییە دیپلۆماتیکەکان

ئامانج: جێگیرکردنی کۆماری کوردستان

بەو شێوەیە کە باس کرا، بنچینەی ترین تایبەتمەندی «کۆماری کوردستان» بە رێبەری قازی محەممەد، سیمای «میلی- دیمۆکراتیك» کەیەتی کە لە باری پێکهاتە و پێناسە و جێگیر بوون، چوارچێوەیەکی مودێرنی بووە و دەکرێ بەپێی پێناسەکان و شوناسەکانی نوێی چەمکی دێموکراسی تاوتوێ بکرێ. لەم روانگەیەوەو بە سەرەنجدان بە چوار تیۆری نوێی دێموکراسی واتە دێموکراسی بازار، دێموکراسی نوێ کۆماریخوازن، دێموکراسی باوك سالار و دێموکراسی ژاکۆپنی، دەکرێ «کۆماری کوردستان» لە سەر بنەمای پێکهاتەی دێموکراسی ژاکۆپنی پێناسە بکرێ کە لەودا، کۆیەکی باو لە رێککەوتنی بەهاکان و پلەیەکی بەرز لە بەشداری سیاسی «میلی — دێموکراتیك» دەکرێ ببینرێ. لەم پێکهاتە لە دێموکراسیدا هەروەها دەکرێ گرینگی ئامادەبوونی وشەکانی نەتەوەیی و نەتەوە لە چوارچێوەی چەمکێکی کۆمەڵایەتی خۆویستانە بدۆزینەوە کە هەر لە سەرەتایی قەبووڵ کردنیەوە ، چییەتی سیاسیی لە خۆ دەگرێ و لە چەمکگەلی «رەزامەندنی نەتەوەیی گشتگیر» و «سوننەتی نەتەوەیی کەڵەکەکراو»دا خۆیان دەنوێنن.

خاڵێکی دیکە کە لە کۆماری کوردستان»دا دەکرێ بیبینینەوە، چەمکی «نەتەوە باوەڕی » یە کە وەك چەمکێکی مۆدێڕن، دەبێتە ناسێنەری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان کە خۆی وەك شوناسێکی جیاواز لە چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسیدا، هەڵکەوتێکی جوگرافیایی و کەلتوورێکی جیاواز پێناسە دەکا.

تایبەتمەندی سێهەمی «کۆماری کوردستان» دەکرێ لە رۆڵی «قازی محەممەد»دا ببینینەوە. قازی محەممەد ئەگەرچی کەسایەتییەکی ئایینی بە پێگەی بەهێزی بنەماڵەییە و زۆرکەس رۆڵی «ئایینی _ کاریزماتیکی» ئەو لە بە لووتکە گەیشتنی پێناسە دەکەن، بەڵام ناکرێ رۆڵی «توانایی هزری» ئەو لە خۆئاگایی، رێدۆزەی دیاریکراو، هاوئاهەنگی، رێکخستن وەرگری تێگەکان و کەڵکوەرگرتنی لە پێکهاتەیەکی کردەکیدا بە ناوی «کۆماری کوردستان» لە بەرچاو نەگرین.

تایبەتیتر ئەوەیکە لێوەشاوەیی ئایینی و بنەماڵەیی دەبنە هاوکاری «عەقڵانیەتی» رێبەرێك کە خەڵکانێکی بە ئۆگری بەهێزی عەشیرەیی و هەندێجار ناوەندخوازەوە، بانگهێشت دەکا بۆ کۆبوونەوە لە کۆڕێکدا و بە دووبارە ناسینەوە و بەرهەمهێنانەوەی شوناس، ورە و هەستی «ئێمە بوونیان» پێ دەبەخشێ. ئێمەیەك کە لە کۆتایی دا ئەرکی پشکۆتن و ئاشکرا بوونی بەهاکان بە کۆمەڵانی خەڵك دەبەخشێ و وەك «ئیدولوژێکی نەتەوەیی»، شوناس و کەسایەتی نەتەوەیەك نیشان دەدا.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆماری کوردستان، دابینکردنی هەڵومەرجێکی گونجاو بۆ تێپەڕین لە پێکهاتەیەکی سوننەتی بەرەو رێکخراوێکی «مۆدێڕنە». پێکهاتنی کۆمەلەی ژێکاف یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بە کارتێکەری لە حیزبی «هیوا» لە کوردستانی عێراق و پێکهێنانی شاراوەی ئەو بە شێوەی رێکخستنێکی نهێنی کە «کورد بوون» تەوەری سەرەکییەکەیەتی و لە درێژەدا گۆڕانی پێکهاتەکەی بە «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بە چوارچێوەگەلێکی تەواو دیاریکراو «حیزبی مۆدێڕن» و جێگیربوونی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەیەکی «حیزبی» دا. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیە گرینگەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بە ئەژمار دێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی کۆماری کوردستان، هێنانە بەرباسی خواستە مودێرنەکان لە قوناخێك لە زەمەن و لە هەڵکەوتەیەکی جوگرافیاییە کە لە بنەڕەتدا نە کۆماریخوازی قەبووڵ دەکا و نە دێموکراسیش. هێنانە بەر باسی پێویستی «کۆماری خوازی» لە تەنیشت چەمکی وشەی «دێموکراسی» لە وڵاتێك کە باڵادەستی یەزدان و پاشاخودایی لە تان و پۆی بیرۆکەی حکوومەتەکەیدا تەنراوە، نوێگەرییەکی پیرۆز بوو کە بنەماکانی سەرەتایی گۆڕانی چییەتی ئەم پێکهاتەیە و مزگێنیدەری دارمانی پێکهاتەی زەینی ناوشیاری خەڵکی بوو و بیرۆکەی هزری مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەرەو «خەڵك باوەری» و نە باڵادەستی یەزدان برد.

هەوڵ بۆ جێگیرکردنی فێرکاریی مۆدێڕن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵات، بەڕێوەبردنی سیستمی دادوەری، تێپەڕان لە بیرۆکەی عەشیرەگەری و هۆزخوازی بەرەو کورد باوەری نەتەوەیی، تێپەڕان لە دووبەرەکی و هەڵاواردنە ئایینیەکان بەرەو قەبووڵ کردنی فرە ئایینی و فرەخوازی، یەکیەتی ئیستراتیژیك لەگەڵ ئازەریەکان و پەسەند کردنی رێککەوتننامەکانی پاڵپشتی لە کەمایەتیەکان لە بیاڤی حوکمڕانیدا، جێگیرکردنی سیستمی تەناهی مۆدێڕن، چاپکراوە و بڵاوکراوەکانی بە تەواوەتی ئازاد و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوە، فێرکاری زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی و زمانەکانی دیکەی ئاخاوتن لە کوردستاندا، دامەزراندنی رادیو کوردستان و بانگەشەی هەمەلایەنە بۆ دابینکردنی دێموکراتیکی پێداویستیە فەرهەنگی، ئامووزشی و سیاسییەکان لە هەموو بیاڤەکاندا لەتەنیشت هەوڵدان بۆ بەکردەکی کردنی ئامانجە دێموکراتیکەکان لە بیاڤی حوکمڕانی کوردستان، لە تایبەتمەندیە زەقەکانی ئەم سەردەمانە دێتە ئەژمار.

لە بیاڤی چاپکراوەدا و ئەوەی کە بە شێوەی «بینراوە» لە گۆڤارگەلێك وەك «نیشتمان»، «هاواری کورد»، «هاواری نیشتمان»، «کوردستان»، «هەڵاڵە»و ... دەکرێ لێی هەڵکرێنین، جەختکردن لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەی روناکبیری بۆ نەتەوەی کورد، جووڵانەوەی فەرهەنگی نەتەوەی کورد، ئاشتی و دێموکراسی بۆ جیهان، چوونە نێو بیاڤەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ها و سە نگکر د نی روانینە عەشیرەیی و قەومی و ئاینییەکانە کە بە روونی دەکرێ بناسرێن و بەڵگەیان لێ بێنیتەوە.

گرینگی دانی «کۆماری کوردستان» بە پرسی ژنان و دیاریکردنی کومیتەیەکی تایبەتی بۆ راپەڕاندنی کاروباری ژنان بە چاوەدێری راستەوخۆی «قازی محەممەد»، ئەویش لە سەردەمێکدا کە شوناسی ژن وەك مرۆڤێك لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بۆ حکوومەتەکانی ئەو کات نەناسراو بوو ـ لە «قازی محەممەد» و «کۆماری کوردستان» ئولگوویەك بۆ «رێبەریی» و «سەروەری» درووست دەکا کە بە ئاوەڕدانەوە لەو دەتوانرێ بە بەشێکی زۆر لە ئوسوولی دێموکراتیکی باوی ئێستای کۆمەڵگای جیهانی بگەیت.

قازی محەممەد تەنانەت لە دوایین کاتەکانی ژیانیشیدا، بە هۆی رێزگرتن لە «دێموکراسی» و «مافی دەنگدانی خەڵك»، «مەرگ»ی خۆیشی دەخاتە بەر دەنگی خەڵکەوە بۆ ئەوەی لە «نوێ بیری» و «نوێگەری» ئەو خەسارێ بە خەڵك نەگا و ئەمە، رەنگە بەبەهاترین تایبەتمەندی «کۆماری کوردستان» و «قازی محەممەد» بتوانێ بێ. کۆماری کوردستان، خاڵی دەسپێکی هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ دێموکراسی لە سەردەمی سەروەری ئۆتۆریتەکان بەسەر رۆژهەڵاتی ناڤیندا بووە.

**سەرچاوەکان:**

**١- قازی محەممەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەکاندا، بێهزاد خوشحاڵی، ١٣٨٠**

**٢- وێبلاگی تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم، بێهزاد خوشحاڵی**

**٣- ناسیۆنالیزمی دێموکراتیك و دێموکراسی چەند فەرهەنگی، کتێبی ئێلکترۆنیك، بێهزاد خوشحاڵی بڵاوکراوەی کوردستان/ زانکۆی کوردستان/ گوڵانی ١٣٨٧**

## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ زیاتر لە ساڵێك لە ئاشکرا بوونی تاڵانی ٣میلیارد دۆلاریی بانکی میللیی ئێران تێدەپەڕێت و ئێستا فەرشاد حەیدەری، مودیر عاملی ئەو بانکە گوتوویە: ئەوانەی کە ئەو دزییەیان ئاشکرا کرد، کۆمەڵێك خەیانەتکار بوون کە پێیان وابوو بەو شێوەیە خزمەت بە وڵات دەکەن، بەڵام خەیانەتیان کرد.

مانای دیکەی ئەو قسەیە وەهایە کە: ئەوانەی ئەو دزییە مێژوییەیان کرد، خزمەتێکی گەورەیان بە وڵات کرد، بەڵام خەیانەتکاران نەیانهێشت درێژە بەو خزمەتەیان بدەن.

ـ مستەفا پوورمحەممەدی، سەرۆکی رێکخراوی بازڕەسیی گشتیی وڵات، دەڵێت: «ئەو گرانییەی کە لە ئێراندا هەیە، ئەگەر لە ئورووپا بێت، خەڵك شارەکان تێك دەدەن و ئاژاوە دەنێنەوە، بەڵام خەڵکی ئێمە سەبریان زۆرە.»

راستە خەڵك سەبریان زۆرە، بەڵام ئێوەش سەبرتان زۆرە حاجی ئاغا!!! خوا هەڵناگرێ ئیوەش باش بەرگەی ئەو هەموو برسیەتی و رەنج و زەحمەتەتان گرتووە. لە هەرکوێی دنیادا دەسەڵاتدار هێندە لە بەر چاوی خەڵك بێزراو بێت، واز لە هەموو شتێك دێنێ، بەڵام ئێوە کێوی سەبرن، خوا سەبری زیاترتان بدات حاجی!

ـ پاش تێپەڕینی ٨ ساڵ لە سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد، بە وتەی ئاغایان!کۆماری ئیسلامی مەیموونێکی رەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد و لە ساڵڤەگەڕی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێراندا، ئەمیش گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. هەڵبەت ئەم بەستەزمانە هێشتا سەردانی بەهەشتی زەهرای نەکردووە و وادیارە رێگەی پێ نەدراوە لە ناودەمی دەوڵەت بدات، یان دەوڵەت دیاری بکات. پیاو چ دەزانێ، رەنگە خاتری مەحموودی گرتبێت، هەرچی نەبێ سەرۆکی دەوڵەت بە خزمایەتییەکی دوور، دەگاتە با پیری ئەو موسافیرە ئاسمانگەڕە!

ـ پاسدار ئەحمەد وەحیدی، وەزیری بەرگریی ئێران گوتوویە: «لە شەقامەکانی ئێمەدا، ئاسەوارێك لە گەمارۆ ئابوورییەکان نابینرێت.» شایانی باسە قەتاری خەڵکی برسی کە بۆ وەرگرتنی برنج شەقامەکانی تەنیبوو، لەم حەوتوویەشدا هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە. کەوابوو دەبێ بڵێین: بەڕێز ئەگەر نایبینی، کێشە لە چاوەکانی تۆدایە، دەنا شەقام هەر شەقامە و تەحریم هەر تەحریم و برسی هەر برسی.

# کێ قەمەی دەستی باجگیرەکان تیژ دەکات؟

■ شەماڵ تەرغیبی

«حاشا لەو تاوانەی کە کردوومە ناکەم، بەڵام دایکم نەخۆشە و پێویستی بە چاوەدێری تایبەتی پزیشکی هەیە. پێویستی بە ٤ ملیۆن تمەن پارە هەیە بۆ دابینکردنی دەرمانەکانی. چەند ساڵ لەمەوپێش باوکم کۆچی دوایی کرد و دایکم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان کڵفەتی کردووە. بەڵام بە هۆی نەخۆشی چیدیکە نەیتوانی کار بکات... داهاتێکمان نەبوو و دایکیشم لە دۆخێکی ناجێگیردا بوو، بۆیە پێویست بوو ئەم پارەیە جێبەجێ بکەم. بە کورتی، هەژاری و نەداری لە هەموو کون و قوژبنی ژیانماندا دیاربوو، بۆیە ناچار بووم دەست بدەمە ئەم کارە...». ئەمە بەشێك لە ئاخاوتنی گەنجێکی ٢٤ ساڵەیە لە بەردەم دادگای ئینقلابی تاران کە حوکمی ئێعدامی بۆ بڕاوەتەوە. ئەم گەنجە ماوەیەك لەمەوپێش لە یەکێك لە گەڕەکەکانی تاران وێڕای ٣ کەسی دیکە بەرۆکیان بە هاووڵاتییەکی مەدەنی گرت و پاش هەڕەشە و بریندارکردنی، بڕە پارەیەکیان لێ ستاند.! نموونەیەکی دیار و بەرچاوی دیاردەی باجگیری و ملهوڕیکردن کە هەنووکە لە ئێراندا بەگشتی و لە شارە گەورەکانی وەك تاران بە تایبەتی بیندراوە و دەبیندرێ. دیاردەیەك کە بەپێی دوایین ئامار و داتاکان بە یەکێك لە نیشاندەرەکانی نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و بوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێراندا دادەنرێت. توندوتیژییەك کە لە ژێڕ سێبەری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە بەرهەم هاتووتەوە و خۆی خزاندۆتە کەلێنەکانی ژیانی خەڵك. باجگیری و ملهوڕی نەخۆشییەکی زگماکی نییە کە تاقێمك لە کۆمەڵ تووشی ببن و خەڵکی دیکە لێی بێبەری بن بەڵکوو دیاردەیەکە کە لە ئەنجامی حاڵەتێکی دەروونی و ڕەوانی بە هۆی گوشارە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری و فەرهەنگییەکان سەر هەڵدەدا. کاتێك سیستمی قەزایی و یاسایی وڵاتێکی وەك ئێران سزاگەلێکی وەك ئێعدام یان قرتاندنی ئەندامانی جەستەی تاکێك بە ڕەوا و بەرحەق دەزانێ، زۆر سرووشتیە کە باشقە و ئۆلگوی ئەم توندوتیژییە لەنێو زەین و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ دەبێتە ئۆلگوی باڵادەست و لەگەڵ هاتنەئارای هەر گوشارێکی ڕۆحی یان کۆمەڵایەتی و ئابووری، وەك ڕێگەچارەیەك بۆ خۆدەربازکردن لە ناڕەحەتی و دژوارییەکانی ژیان خۆی بنوێنێ. جا هەندێکجار قوربانیی ئەم توندوتیژییە ژن ومنداڵ و بنەماڵەیە و هەندێکجاریش تاکەکانی کۆمەڵ. کەواتە دەتوانێن بڵێین یەکێك لە بنەڕەتیترین هۆکارەکانی پەرەسەندنی توندوتیژییەکانی نێو کۆمەڵ و بە تایبەت دیاردەگەلێکی وەك ملهوڕی یان باجگیری هەمان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییە بە شێوەی سیستماتیك لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانەوە.



یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی دیاردەگەلێکی لەم چەشنە کێشە ماڵی و ئابوورییەکانە کە لە سەردەمی ئێستادا هەموو ژیانی خەڵکی تەنیوە. لەوانە: گرانی، ئاوسان، بێکاری، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و...هتد. تەنانەت ئەگەر ئامارە ناڕاستەکانی حکومەتیش بە راست و درووست دابنێن، دەبینین کە زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس کە زۆربەیان لە تەمەنی ١٥ تا ٢٩ ساڵدان بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن. چوونەسەری ڕێژی داخوازیی کار لە ئێران لەگەڵ کەمبوونەوە و دابەزینی هەستپێکراو و ماناداری دەرتانی کار، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و قووڵبونەوەی هەژاری و چوونەسەری نرخی کەل و پەلەکان و ئاوسان لە وڵاتدا، یەك بەرهەمی بۆ وڵات بەدی هێناوە. چوونەسەری لەناکاو و مەترسیداری بێ نۆڕمییە کۆمەڵایەتییەکان. خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ١٠ ساڵی رابردوودا بە هۆی تێکچوون و ئاڵۆزی باری ئابووری و پیشەیی خەڵك، گەلێك زیادی کردووە. لە سەدا ٧٠ی یەکە پیشەییەکان داخراون، دامەرزاندنی فەرمی لە دام و دەزگا حکوومەتییەکان راوەستاوە و ڕێژی داهاتی فەرمانبەرە حکومەتییەکان لە گەڵ خەرج و تێچووی ژیانیان لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە. بەم هۆیەوە کە ئەم بەشەی کۆمەڵ بە توێژیی نێونجی ناسراون، لە دابینکردنی بژێوی ژیانیان دەستەوەستان ماونەتەوە، ئەمەش حاڵەتێکی دەروونی نالەباری لە زەینی خەڵکدا چێ کردوو. کە ئەنجامەکەی پەرەسەندنی شەڕئەنگێزی و هەڵشاخین و بەگژ یەکتردا چوونە.

بەم پێیە دەگەینە ئەو دەرنجامەی کە بە پێچەوانەی هەڵوێستە نابەجێکانی حکوومەت لە مەڕ دژکردەوەنیشاندان و پەرچەکردار بە دیاردەی باجگیری و دیاردە هاوشێوەکانی، لە بنەڕەتدا خودی لێپرسراوانی ڕێژیم و یاسا سەدە نێوەڕاستییەکەی هۆکاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەیە. بە واتایەکی دیکە هۆکاری تیژتربونەوەی قەمە و شمشێری ملهوڕ و باجگیرەکان هەمان دەسەڵاتبەدەستانی زێدەخواز و کۆنەپەرستن.

# سەهامی عەداڵەت یا بەرتیل بۆ هەڵبژاردن

■ پەیام

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بووەتە نەریتێکی دیار کە هەرکات هەڵبژاردنێك یا خۆپێشاندانێك لە بەردەم بێت، ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵك دەست بداتە پیلانداڕشتن و سەرقاڵکردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا. ئەمساڵیش کە چەند مانگی ماوە بۆ بەناو هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری، پیلانی نوێی ڕێژیم کەوتۆتەگەڕ و ماوەی زیاتر لە مانگێکە کە کەشوهەوایەکی لەنێو خەڵکی هەژاردا پێك هێناوە کە گوایە دەیهەوێت سوودی سەهامی بەناو عەداڵەت بەسەر خەڵکدا دابەش بکات، بەڵام هەمووومان ئەو راستیە ئەزانین کە ئەو پیلانەی ڕێژیم چ هزر و ئامانجێکی لە پشتە. لە راستیدا، ڕێژیم لەم بارودۆخە نالەبارەی کە ئێستا تێیدایە، ئەمجارەش پیلانی نوێی بەناو سەهامی عەداڵەتی خستۆتەگەڕ تا وێڕای پاکانە هێنانەوە و سەرپۆشکردنی هەموو ئەو شکستانەی کە لە بواری ئابووری و سیاسی و دابینکردنی خۆشبژێوی بۆ خەڵك، تووشی بووە دیسان خەڵك بۆ ویستەکانی خۆی بەکار بێنێت و شانۆی هەڵبژاردنەکەی پێ برازێنێتەوە. تا لەم قەیرانە نوێیەی کە لە پێشیدایە، واتە هەڵبژاردنەکان، بەسلامەتی خۆ دەرباز کات. بۆ ئەم تەوەرەش دەتوانین ئاماژە بە چەند راستی بکەین. بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە کە شتێکی بەناو سەهام و پشك و دانی سوودی سەهام لە ئابوورییەکی گەشەسەندوو زۆر بەجێ و لۆژیکیە، بەڵام لە ئابووریەکی کاول و وێرانی وەك ئابووری ئەمڕۆی ئێران کە رۆژ نییە تەحریم و ئابلۆقەیەکی بەسەردا نەسەپێت و ڕۆژ نییە بە هۆی وەرشکەستە بوون، کارگە و کارخانەیەك دەرگاکەی دانەخرێت، ئەو سەهامە لە کوێوە کاری پێکراوە و لە کام بەشی ئەم ئابووریەوە سوود هاتۆتە کایەوە کە بەشی خەڵکی لێدەدەن، خۆ ئەگەر کەرتی نەوت و گازیش وەك چەندین ساڵی رابردوو بوایە دەمانتوانی بڵێین کە پووڵ و داهاتی ئەو کەرتەیە بەسەرخەڵکدا دابەش دەکرێت، بەڵام دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردە کردنی ئەم بەرهەمەش گەیشتۆتە ئاستێك کە بەرپرسانی ڕێژیم باس لەوە دەکەن کە ئەگەری ئەوە هەیە کە بۆ ساڵی داهاتوو بوودجەی وڵات لەسەر بنەمای داهاتیماڵیات ببەستن نەك نەوت. لە لایەکی دیکەوە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لە بەرپرسان بکەین کە هەشت ساڵ لەمەوبەریش کە مەحموودی ئەحمەدی نەژاد هاتە سەر تەختی سەرکۆماری هاواری دەکرد کە داهاتی نەوت دەهێنێتە سەر سفرەکانی خەڵك و ئەو زوڵمە گەورەی کە لەمەوپێش لە خەڵك کراوە و بەشیان لە داهاتی وڵات زەوت کراوە ئەو قەرەبووی دەکاتەوە و برابەشی خەڵك دەدات. بەڵام بە تێپەڕبوونی ٨ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی سەرکۆماری مێهرووەرزدا دیتمان نەتەنیا نەوت نەهاتە سەر سفرە بەڵکوو ئەو لەتە نانەی کە لەسەر سفرەکان بوو، ئەویش بە هۆی گرانی و بێ لیاقەتی و سیاسەتە هەڵەکانی ئەم دەوڵەتە لەسەر سفرەکان نەما و سفرەی خەڵك بەتاڵتر لە جاران بوو، ئەمڕۆکەش راست پاش ٨ ساڵ دیسان دەوڵەتی مێهرووەرز دەیهەوێت سەهامی عەداڵەت بدات بە خەڵك و عەداڵەت لەنێو هەژاراندا پیادە بکات، بەڵام ئەم دەوڵەتە بەناو مێهرووەرزە بۆ پێمان ناڵێت کە بۆچی دەبێ لەسەروبەرەیەکدا پێویستیان بە خەڵکە وەبیر ئەو حەشیمەتە ڕەش و رووتە بکەونەوە و ئاوا بۆ چەند هەزار تمەنێکی بێبایەخ لەبەر دەرگای ئیدارەکانی کار و تەعاونیەکانی سەهامی عەداڵەت رایان گرن. دەوڵەتی بەناو مێهرووەرز لەلایەکەوە باس لە لابردنی یارانەکان و نەدانی بە خەڵك دەکات و لەلایەکیترەوە باس لە دانی سوودی سەهامی عەداڵەت بە خەڵك دەکات!. گەلۆ بۆ بەو خەڵکە هەژارە ناڵێن کە پێویستیمان بە وێنە و فیلمەکانتانە لەسەر سەندوقەکانی دەنگدان، تا شانۆی هەڵبژاردنی پێ دەرباز کەین و ئەم بڕە پارەیەش دەدەین بەو کەسانەی کە ئامادە بن لەسەر سەندووقەکان و بەم راستی گوتنە هەم خۆتان لەم کاغەزبازیە رزگار کەن و هەم زەحمەت و ماندوو بوون و سەرمالێدان لەکۆڵ ئەم خەڵکە هەژارە بکەنەوە.





**لە ڕوانگەی کۆنگرەوە**

# پرسی لاوان و کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

■ ن: فوئاد خاکی بەیگی

پازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی کۆنگرەی «د.سادق شەرەفکەندی» و لەژێر دروشمی «هەوڵدان بۆ یەکریزی لە پێناو سەرکەوتندا» خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێوە چوو و سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

ئەوەی لەم باسەی ئەمجارەی «لە روانگەی کۆنگرەوە» دەخرێتە بەرباس و هەوڵدەرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کاروبارەکانی کۆنگرە هەڵبسەنگێندرێت، باسکردن لەسەر لاوان و دەور و نەخشیان لە روانگەی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتدایە.

گرینگی دان بە توێژی لاو، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شتێکی نوێ نیە و لە واقعدا، هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەو حیزبە و پاشان لە کۆماری کوردستان، وەك یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماریدا ئەم پرسە لە رۆژەڤی باسەکانی نێو کۆڕ و کۆبوونەوە و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەدا بووە.

بەپێی دوایین ئامارەکان لە حشیمەتی وڵاتی ئێران، لاوان زۆرترین رادەی حشیمەتی زیاترلە ٧٠ میلیۆن کەسی وڵاتی ئێران پێك دێنن و بەو پێیەیە کە وڵاتی ئێران بە وڵاتێکی لاو ناسراوە. کەواتە گرینگی دان بەم توێژە گرینگەی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان وەك هێزێکی ئەکتیڤ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێگا و پێگەی تایبەت بە خۆی هەبووە، نەك وەك سەرمایەی دوارۆژی وڵات بەڵکوو وەك هێزی بەهێزی داینەمۆی گۆڕانکارییەکان بەرنامە و پلانی تایبەتی بۆ دانراوە.

دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماری کوردستاندا، لە ژێر رێنوێنی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات و بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد وەك سەرکۆماری کوردستان و کەسایەتی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم چەخماخەکانی گرینگی دان بەم توێژە گرینگەی کۆمەڵگای کوردستان لێدەردرێت و بە پشتیوانیکردنیان لەهەمبەر بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی و بەڕێوەبەریدا و ئامادەکردنیان بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای کوردستان لە هیچ چەشنە هاوکاری کردنییان درێغی ناکرێت.

لاوانی کۆمەڵگای کوردستان پاش کۆماریش بە دەرککردنی ئەم واقعییەتە لە سەرجەم قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، بە رێبەری حیزبی دێموکرات، سەرەڕای سەرجەم هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپەکان، بەشداری چالاکانەیان هەبووە و وەفاداری خۆیان بەو رێبازە پیرۆزە دەربڕیوە. شەهیدکرانی هەزاران لاوی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەری کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە بگرە تاکوو، بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ی هەتاوی و شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی پڕ لە شانازی چەکداری دژ بە رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەیە.

دەور و رۆڵی لاوان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەگشتی و لە ١٥هەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بە کورتی بەمجۆرە ئاماژەیان پێدەدرێت:

١) گرینگی دانی بەرچاو بە لاوان لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات

٢) پشتیوانی بێ وێنە لە خواست و داواکارییەکانی لاوان بەگشتی و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی

٣) رێگا خۆشکردن بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە ئاستی بەرزی بەڕێوەبەری و دەسەڵات لە حیزبی دێموکراتدا

٤) خەمخۆری و دانانی بەرنامە و پلانی گونجاو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی لاوان بە پێی بارودۆخ و ئیمکاناتی نوێ و ئەورۆیی

A. گرینگی دانی بەرچاو بە لاوان لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات:

لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی رێبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ی حیزب کە دواتر پاش هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی لە سەرجەم بوارەکان و دەوڵەمەندکردنی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی وەرگرت و لە واقعدا سیاسەت و بەرنامەی چوار ساڵی دوای کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتە و رێبەری حیزب ئەرکدارە کە بەڕێوەی ببات، گرینگییەکی زۆر بە توێژی لاوان دراوە و لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە، بە خەسارناسی کێشە و گرفتەکانی لاوانی سەرانسەری ئێران بەگشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی هەوڵ دەدات وێڕای رۆشنگەری هەوڵ بۆ لەنێوبردنی ئەو کێشە و گرفتانە بدات. کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات هەوڵی دا بە خوێندنەوەی واقعبینانە بەپێی گۆڕانگارییە بنەماییەکان هەر لە بەجیهانیبوون و مۆدێرنیتەڕا بگرە تاکوو شۆڕشی تێکنۆلۆژی و... کێشە و گرفتە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و.... لاوانی هەڵسەنگاند و بەپێی دوایین ئامار و داتاکان هەوڵی داوە رێگاچارەی گونجاو بۆ بنبڕکردنی هەر کێشە و گرفتێك دەستنیشان بکات.

B. پشتیوانی بێ وێنە لە خواست و داواکارییەکانی لاوان بەگشتی و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی:

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چاوی رێزەوە سەیری خواست و داواکاری لاوانی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی دەکرد بەڵام ئەوەی بە لای کۆنگرەوە جێگای سەرنج و تێڕامان بوو ئەوە بوو کە ناکرێ و نابێ هیچکات خەبات بۆ وەدەستهێنانی خواستە سینفییەکان و رەنگدانەوەی داواکاری توێژەکانی کۆمەڵگا لەم بارودۆخەی کە ئێستا وڵاتی ئێران تێیدایە و خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و پاراستنی بەها مرۆییەکان گرینگی تایبەت بە خۆی لە پاوان بگرێ. کۆمەڵگای ئێران وەك کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و هەمەچەشن و فرەنەتەوە، خەبات بۆ دابینکردنی دێموکراسی و مافی نەتەوەیی دەبێ لە ریزبەندی یەکەمی کار و تێکۆشانی خۆیدا دابنێت، لەبەر ئەوەی هەتاکوو مافی نەتەوەیی لاوی کورد دەستەبەر نەکرێت و دێموکراسی دابین نەبێ، دابینبوونی خواست و داواکارییە سینفییەکان ئەستەمە. بەڵام لە هەر حاڵدا کۆنگرەی ١٥، پشتیوانی لە لاوان بەگشتی و یەکیەتیی لاوان بە تایبەتی بە ئەرکێکی بێ ئەملاو ئەولای حیزبی دێموکرات زانی.

C. رێگا خۆشکردن بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە ئاستی بەرزی بەڕێوەبەری و دەسەڵات لە حیزبی دێموکراتدا:

راستییەکی حاشاهەڵنگرە کە هەموو بزووتنەوەیەکی مافخوازانە لەم جیهانە پان و بەرینەدا بە بێ رێگا خۆشکردن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەری لە لایەن هێزی لاو و وەچەی نوێوە، ناتوانێ درێژە بە کار و تێکۆشانی خۆی بدات، بەهەق لەم بوارەدا و بە تایبەتی پاش کۆنگرەی ١٣، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەنگاوی بە بڕشتی هەڵگرتووە و کەسانی بەئەزموون و رێبەری حیزب رۆڵی مێحوەری و دڵسۆزانەیان لە خۆیان پیشانی دنیای دەرەوە داوە. لەماوەی یەك دوو کۆنگرەی دوایی و بەتایبەتی لە کۆنگرەی ١٥، کۆمەڵێك لاو رێگایان بۆ خۆش کرا و وێڕای وەرگرتنی دەنگی متمانەی کۆنگرە لە بەرزترین ئاستی بەڕێوەبەری جێ بگرن و سکرتێری یەکیەتیی لاوان راستەوخۆ وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی دیاری بکرێ. بێگومان ئەگەر هەست بەرپرسایەتی و خەمخۆری بۆ دوارۆژی حیزب و درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە لایەن کەسانی بەئەزموونی رێبەری حیزب و ئەندامانی کۆنگرە نەبوایە جێبەجێکردنی ئەمجۆرە هەنگاوانە زۆر ئاسان نەبوون.

D. خەمخۆری و دانانی بەرنامە و پلانی گونجاو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی لاوان بە پێی بارودۆخ و ئیمکاناتی نوێ و ئەورۆیی:

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی کارەکانی خۆیدا، پەیامێکی تایبەتی بۆ خوێندکاران و لاوان هەبوو، کۆنگرەی ١٥ی حیزب وێڕای هەستکردن بە دەور و رۆڵی لاوان لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکەماندا لە پەیامەکەی خۆیدا وێڕای رێز و حورمەت دانان بۆ خەبات و تێکۆشانی لاوان، بەرچاوڕوونی زیاتری بەم توێژە گرینگەی کۆمەڵ داوە، وێڕای ئەوەی کە لە پەیامەکەدا تێکۆشانی لاوان بەرز دەنرخێنێ، روونیشی دەکاتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی ئیمکاناتی خۆی ئەو پۆتانسیەل و توانایەی تێدایە کە بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم نەتەنیا بۆ لاوان لە ناوخۆی حیزبی دێموکرات بەڵکوو بەپێی رەسالەتی خەبات و تێکۆشانی خۆی هاوکار و پشت و پەنای سەرجەم لاوان لە سەرانسەری ئێران و کوردستان بێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی وەبیر دێنینەوە کە ئەو بەرنامە و پلانانەی، بۆ وەدەستهێنانی خواست و داواکارییەکانی لاوان کە لە لایەن کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەستنیشان کراون و بەڕێوە دەچن لاوان زیاتر ئەرکدار دەکات کە چالاکانەتر بەشداری بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بن هەر وەك تا ئێستاش بوون و بۆ لەقاودانی سیاسەتە دژی مرۆڤانییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەر شێوەیەکی مومکین کە بۆیان دەکرێت تێ بکۆشن.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 598 ▪ 3 Feb 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# پاشەکشەی پشکی گەڕان لە گۆگڵدا

سەرچاوە جیاوازەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پشکی ماشێنی تایبەت بە گەڕانی گۆگڵ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە ڕێژەی ٣ لەسەد کەمی کردووە.

دۆمەنیک سانیبۆی بەڕێوەبەری بەکاربردن لە کۆمپانیای کانتار بۆ توێژینەوەکان، گوتی: سیستمی بەکارخستنی ئەندرۆید لە گۆگڵەوە ساڵی ٢٠١٢ لە سەرووی لیستی بەکارهێنانەوە بوو، بەڵام ڕێژەی گەشەکردنی لە ساڵی ڕابردوودا بەهۆی کەمبوونەوەی کڕیارانی ئەو مۆبایلانەی بەو سیستمە کاردەکەن، لە چاو ساڵانی پێشتر کەمی کردووە.

لە بەرانبەردا مۆبایلی فۆن ویندۆزی مایکرۆسۆفت لە ئەورووپا بە تایبەت لە بەریتانیا و ئیتاڵیا گەشەیەکی بەرچاوی کردووە و ڕێژەی داگیرکردنی بازاڕی جیهانی گەیشتووەتە ٥,٩ .

لە بواری گەڕاندا پشکی گۆگڵ بۆ کەمتر لە ٩٠ لەسەد کەمی کردووە و گەیشتووەتە ٨٨ لەسەد لە کۆی گەڕانی جیهانی. ئەمەش کەمترین بەکارهێنانە لە ٥ ساڵی ڕابردوودا گۆگڵ بەخۆوەی دەبینێت.

لە بەرانبەردا ماشێنەکانی وەك بانگ و یاهۆ و ئاسك پشکیان زیادی کردووە.

ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف لە زاری جیمس مۆرای بەڕێوەبەری تێکنۆلۆژیای دیجیتاڵی لە کۆمپانیای ئێکسپریان مارکت گواستیەوە کە ماشێنی گۆگڵ هێشتا لە ڕووی بەکارهێنانەوە باشترینی هەموو جیهانە و ٧ هێندەی هەموو ماشێنەکانی تری گەڕان لە پێشەوەیە.

هەروەها ڕوونیکردەوە کە بەکارهێنانی ماشێنەکانی دیکەی وەك بانگ لەسەر مۆبایلەکانی مایکرۆسۆفت و کۆمپیوتەری تابلۆیی لەلایەن کۆمپانیاکانی پرۆگرامسازییەوە ڕۆڵی لە گەشەکردنی پشکە جیهانییەکانی ئەوان لە بەکارهێنان بۆ گەڕان بە شوێن بابەتەکانی سەر ئینتەرنێت هەبووە.




# پەنجەمژین چەناگەی منداڵ تێکدەدات



هەندێك خووی خراپی منداڵ هەیە کاریگەریی لەسەر تەندروستی ددان و دەمی دەبێت خوە خراپەکانی پەنجەمژین کە تا تەمەنی گەورەیی بەردەوام دەبێت و ئەگەر وازی لێنەهێنرێت، کێشەی زۆر بۆ مرۆڤ درووست دەکات.

لە ماوەی ڕابردوودا بایەخدان بە تەندروستی دەم و ددانی منداڵ زیادی کردووە و ئاگادارکردنەوەی منداڵان لە زیانەکانی ئەوکارە بووەتە ئەرکێکی سەرشانی کەسوکاریان.

چوارگۆشە سەهۆڵییەکان کە زۆر کەس پێیان وایە هیچ زیانێکی نییە کاریگەریی زۆری لەسەر دانی منداڵ هەیە و ڕووپۆشی ددان لێدەکاتەوە و لە کاتی خواردنی خۆراکی گەرم یان سارددا، دەبێتە هۆی ئازاری لەناکاو.

پزیشکەکان دەڵێن پەنجەمژین چونکە دەبێتە هاتنەوە پێشەوەی لچی سەرەوە و دروستبوونی بۆشایی لە نێوان ددانەکاندا کاریگەریی لەسەر شێوەی چەناگە و تەنانەت لەسەر شێوازی قسەکردن و زمانیش دەبێت.

# کەم خەوی کاریگەریی لەسەر هەرسکردن هەیە

پزیشکێکی ئەڵمانی هۆشداریدا کەمخەوی دەبێتە هۆی تێکچوونی هەرسکردن و سوود وەرگرتن لە خۆراك و کارلێکی کیمیاوی لە نێو لەشدا دروست دەکات و بەوەش لەش وزەی پێویستی خۆی وەرناگرێت.

فۆلفگانگ فیزیاك، سەرۆکی کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ نەخۆشییەکانی ناو سك، گوتی ئەو کەسەی بەردەوام بڕی پێویست خەوی نییە مەترسی تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنی لەسەرە.

ئەو پزیشکە لە قسەکانیدا پشت بە توێژینەوەیەکی فەرەنسی دەبەستێت کە هەزار کەسی گرتەوە لەوانەی لە ڕۆژانی ئاسایی کاردا کەمتر لە ٥ کاتژمێر دەخەون.

توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ٥٠ لەسەدی ئەو کەسانە کێشەی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنیان هەیە و ئەو مەترسییە لای کەسانی تێرخەو بۆ ٣٠ لەسەد کەمدەبێتەوە.

فیزیاك گوتی ئەگەر کەم خەوی کاتیی بێت لەش دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت، بەڵام ئەگەر درێژەی هەبێت کێشەی زۆر درووست دەکات.



## زایەڵە

**فاتێح ساڵحی**

### وتووێژی ڕاستەوخۆی ئێران و ئامریکا

بارودۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا، بێ هیچ شك و گومانێك لە تەواوی بڕگە زەمەنییەکانی دیکە هەستیارتر و مەترسیدارترە. هەستیارتر بۆ ئەوەیکە لە ئێستادا گەمارۆکان گوشارێکی هەمە لایەنەیان بۆ ڕێژیم هێناوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەزگای بەڕێوەبەری ئەو وڵاتەیان لە نێوخۆی ئێران و دەزگای دیپلۆماسی ئەو وڵاتەیان لە پێوەندییەکانی دەرەوە تووشی گیرو گرفتی بنەڕەتی و قووڵ کردووە و مەترسیدار بۆ ئەوەیکە، لەوانەیە بە پێی دوایین ڕاپۆڕتەکان لەمەڕ دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەیەکی نە ئەوەندە دووردا یەکەمین بۆمبی ناوکی خۆی بەرهەم بێنێ و تەناهی جیهان بە گشتی و تەناهی ناوچەکە بە تایبەتی بخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشەکانی خۆیەوە.

لەم هەلومەرجەدا، یەکەمین ئەگەرێ کە لە ئارادایە شیمانەی وتووێژی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و ئامریکایە کە بە هاتنە سەرکاری جان کێری وەك وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەم ڕۆژانەی داوییدا بووەتە ڕۆژفی باسی هەندێك لە بڵاوکراوە و میدیاکان. ئەم ئەگەرە واتە دانووستانی ئێران و ئامریکا ڕەنگە پرسێکی نوێ نەبێت بەڵام تا بە ئێستاش بە هۆی گیرو گرفتەکانی بەردەم ئەم ڕێگەچارەیە، بە شێوەیەکی جیددی نەکەوتووەتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. ئەمەش دەگڕێتەوە بۆ ویست و داخوازییەکانی دوو وڵات لە هەمبەر یەکتردا. گرینگترین پرسێك کە لەوانەیە لەم وتووێژانەدا بکەوێتە بەر باس، کێشە ناوکیی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشەکانی ئێرانێکی ناوکییە لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا. کە بە گوتەی کاربەدەستانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا، ئەوان نایانهەوێ لەگەڵ ئێرانێکی ناوکیدا بکەونە سات و سەودا و دانووستانەوە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدان کە پێش بە بوونی ئێرانێکی ناوکی بگرن. بووەتە پرسێ سەرەکی کە ڕەنگە ڕێگر بێت لە بەردەم بەئاکام گەیشتنی ئەم وتووێژانە، داواکاری ڕۆژئاوا و ئامریکایە لەمەڕ هەڵپەساردنی یەکجارەکی چالاکییە ناوکییەکانی ئێران کە شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ بە مەبەستی چیکردنی چەکی ناوکی بێت و لەملاشەوە سوور بوون و پێداگری ئێرانە لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم و درێژەدان بە چالاکییە ناوکییەکانی. هەرچەند کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە چاوی شك و گومانەوە دەڕواننە ئەم ئەگەرە و ئەمە بە دەرفەتێك پێناسە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی ویست و داخوازییەکانی پاشەکشە بکات و ببێت بە دەرەتانێ بۆ بەچۆکداهێنانی ئێران. بۆیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە ڕاگرتن و هەڵپەساردنی چالاکییە ناوکییەکانی ئێران تەنیا بیانوویەکە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران و گۆڕینی سیستمی ویلایەتی فەقیە لەم وڵاتەدا. هەر بۆیە وێناچی کە ئەگەری وتووێژی ڕاستەوخۆی ئێران و ئامریکا لە کورتماوە و درێژخایەنیشدا بتوانێ دەسکەوتێکی ئەرێنی هەبێت بۆ سەقامگیری ئاشتی و دێموکراسی لە ناوچە و نێوخۆی ئێرانیشدا.

چون گرینگترین لێکەوتە لە ئەگەری پاشەکشەی ئێران لەمەڕ پرسی ناوکییەکەی، دەتوانێ بەستێنخولقێن و ڕێخۆشکەر بێت بۆ پاشەکشە کردن بە کۆماری ئیسلامی لە بوارە جۆرواجۆرەکاندا کە کۆڵەکەکانی ئەم ڕێژیمەی لەسەر ڕاوەستاوە و ئەمە بە واتای بەتاڵبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چییەتی و مانەوەی ئەو ڕێژیمە.